
مستەفا هیجری: دەستپێکردنەوەی ...




٤

راپۆرتێک کە وەهمی ڕەواندەوە



٨

نەتەوەی کورد نرخی ئازادی دەدات



٩

١٠٠ ساڵەی یەکەم قوتابخانەی کوردی



١٠

١٣ی خەزەڵوەر و دوو ڕوانگەی جیاواز



١١

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦١٦، چوارشەممە، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢، ٦ی نوامبری ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


**بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، سەبارەت بە پەرەگرتنی زیاتری ئیعدامی زیندانییانی سیاسی**

٢ ⟸

## حەبیبوڵڵا گوڵپەریپوور، ڕەزا ئیسماعیلی، شێرکۆ مەعارفی و ...

# ئیعدامەکان لە کوردستان بەردەوامە









شەپۆلێکی بەرینی ئیعدامی بەندکراوانی سیاسی، کوردستان و بەلووچستانی گرتەوە.

ڕۆژی دووشەممە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٢، بە ئیعدامی شێرکۆ مەعارفی بەندکراوی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری سەقز، ڕێژەی ئیعدامکراوان لە ماوەی ٦ ڕۆژدا گەیشتە ٣٧ کەس کە ١١ کەس لەوانە کوردن.

پێشتریش لە ڕۆژی هەینی ٤ی خەزەڵوەردا، حوکمی ئیعدامی ١٦ بەندکراوی سیاسیی بەلووچ و دوو بەندکراوی سیاسیی کورد بە ناوەکانی "حەبیبوڵڵا گوڵپەریپوور" و "ڕەزا ئیسماعیلی" لە بەندیخانەی ورمێ و سەڵماس بەڕێوەچووبوو.

هەر لەم پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێك وێڕای مەحکووم کردنی ئیعدامەکان و دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی ئەم بەندکراوە سیاسییانە، داوای لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی و دەرەکی و نێوخۆییەکانی ئێران کرد تاکوو بە گوشار هێنان بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ناچاری بکەن ڕەوتی لەسێدارەدانەکان ڕابگرێت.

لە بەشێك لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە: "بەڕاستی ئەوانەی بانگەشەی چەواشەکارانەیان بۆ ئاڵوگۆڕ بە دەستی ڕووحانی دەکرد، دەبێ چ قسەیەکیان بۆ بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و بۆ بیروڕای گشتی هەبێ و ئەو کردەوە دژی مرۆڤانەیە چۆن پاساو بدەن".

هەروەها یەکیەتیی جیهانیی دژی سزای ئیعدام، هاوکات لەگەڵ مەحکووم کردنی ئیعدامەکان لە ئێران، داوای لە کومەڵگای نێونەتەوەیی کردووە کە لە وتووێژەکانیان لەگەڵ ئێراندا ئەم پرسە بخەنە سەرووی پرسەکانی دیکەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا "فلۆرانس بیلفێر" سەرۆکی یەکیەتیی جیهانیی دژی سزای ئیعدام گوتوویە کە: "سزای کوشتن لە ئێراندا بەگشتی دژی هەموو یاسا نێونەتەوەییەکانە و لەم ئیعدامانەی دواییدا نەتەنیا یاسا نێونەتەوەییەکان، بەڵکوو ڕێز لە یاسا نێوخۆییەکانی ئێرانیش نەگیراوە".

هەروەها ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان (kmmk – G) لە نامەیەکدا بۆ ئەحمەد شەهید ڕاپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران نووسیویەتی: "بەپێچەوانەی بەڵێن و وتەکانی دەوڵەتی نوێی ڕووحانی بە مەبەستی فریودانی ڕوانگەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە پرسی ناوکی، شەپۆلی ئیعدامەکان هەروا درێژەی هەیە و زۆربەی قوربانیانی ئیعدام کەسانی جیا لە نەتەوەی فارسی ئێران بوون".

هەنووکە شەش بەندکراوی دیکەی کورد بەتایبەت "لوقمان و زانیار مورادی" لەگەڵ مەترسیی ئیعدام بەرەوڕوون.

## ئێران و سووریە تەوەری سەرەکیی وتووێژەکانی جان کێری و مەلەک عەبدوڵڵا بوون

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەسەر هەوڵەکانی وڵاتەکەی لەمەڕ کەمکردنەوەی دژایەتییەکانیان لەگەڵ عەرەبستان سەبارەت بە پرسی ناوکیی ئێران و قەیرانەکانی سووریە پێداگریی کردەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، جان کێری پاش دانیشتنەکانی لەگەڵ پاشای عەرەبستان لە ڕۆژی دووشەممە ٤ی نوامبردا، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: "هیچ جیاوازییەکی بیرۆکەیی لە نێوان دوو وڵاتدا لەسەر پرسە سەرەکییەکانی ناوچە بەتایبەت سووریە نیە".

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە قەیرانی سووریە گوتی کە متمانەی داوەتە پاشای عەرەبستان کە وڵاتەکەی هێرشە سەربازییەکانی بەشار ئەسد لە سووریەدا بێوەڵام ناهێڵێتەوە.

هەروا جان کێری هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر پاراستنی پێوەندییە دۆستانەکانی ئەمریکا و عەرەبستان، گوتی: "چەند پرسی گرنگی وەك قەیرانی سووریە و پرۆژەی ناوکیی ئێران تەوەری سەرەکیی وتووێژەکان لەگەڵ ڕێبەرانی عەرەبستانە".

لە چەند مانگی ڕابردوودا لە نێوان ڕیاز و واشنگتۆندا، لەسەر قەیرانەکانی سووریە و وتووێژەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش هاتنەسەرکاری حەسەن ڕووحانی، ئاڵۆزی پێکهاتووە.

دۆسییەی ناوکیی ئێران و پێوەندییەکانی ئەمدواییانەی نێوان ڕێبەرانی ئێران و ئەمریکا و نەبوونی دژکردەوەی ڕوونی ئەمریکا لەمەڕ پرۆژەی ناوکیی ئێران بەشێکی دیکەیە لەو خاڵانەی کە نیگەرانیی عەرەبستان سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەمریکای لێکەوتووەتەوە.

## فەرماندەیەکی دیکەی سپای پاسداران لە سووریە کوژرا

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی حاشا لە بوونی هێزە سەربازییەکانی لە ئێراندا دەکات، "محەممەد جەمالی پاقەلعە" یەکێك لە فەرماندەکانی سپای سارۆڵڵای کرمان، لە شەڕ لەگەڵ دژبەرانی بەشار ئەسەدی سەرکۆماری سووریە کوژرا.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبیە، ئەو ئەندامانەی سپای پاسداران کە لە سووریەدا دەکوژرێن لە لایەن سپاوە بە ناوی پارێزەرانی "زەینەبییە"وە بەخاك دەسپێردرێن. پێشتریش ئیسماعیل حەیدەری یەکێکی دیکە لە فەرماندەکانی سپا لە شاری حەلەب و بە مەودایەکی چەندەها کیلومیتری لە زەینەبییەی شاری دەمشق کوژرابوو، هەر بە ناوی پارێزەری زەینەبییەوە نێژرا.

بەپێچەوانەی پێداگریی هەمیشەیی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لەسەر ئامادەنەبوونی هێزەکانی ئێران لە سووریەدا، جەواد قدووسی ئەندامی کۆمیسیونی تەنایی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە لە مەجلیسی ڕێژیم، ڕۆژی یەکشەممە گوتبووی: "سەدان گوردان لە هێزەکانی ئێران لە سووریەدان، هەرچەند هەواڵی سەرکەوتنی هێزەکانی سوپای سووریە لە زاری فەرماندەیەکی سوورییەوە دەبیسن، بەڵام لە پشتی ئەم ڕووداوانەوە ئەوە هێزەکانی ئێرانە کە ڕاوەستاوە".

ماوەیەك لەوەپێش فیلمێك بڵاو کرایەوە کە ئامادەبوون، فەرماندەیی و شەڕی هێزە ئێرانییەکانی لە سوورییەدا پیشان دەدا.

شایانی باسە کە دژبەرانی ڕێژیمی بەشار ئەسد زۆر لەمێژە ڕایانگەیاندووە کە هێزە سەربازییەکانی ئێران شانبەشانی سوپای سووریە دژی هێزە دژبەرەکانی ڕێژمی ئەسەد شەڕ دەکەن. هەر بەم هۆیەوە دژبەرانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد داوای یارمەتیی سەربازیی زیارتر لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییان کردووە. ئێرانیش هەموو جارێك ئەم گوتانەی دژبەرانی بەشار ئەسەدی ڕەت کردووەتەوە.

**پەیڤ**

**ناهید حسێنی**

### دێوەزمەی سێدارە

شەپۆلی نوێی لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانی گەلانی کورد، بەلووچ و عەرەب لە ئێران، لەم ڕۆژانەی دواییدا گەیشتۆتە قۆناغێکی مەترسیدار و بێجگە لەو تێکۆشەرە کۆڵنەدەرانەی کە لەم چەند ڕۆژەدا لە سێدارە دراون، ئێستا مەترسیی لە سێدارەدانی بە دەیان کەسی دیکەش لە گۆڕێدایە. ئەو شەپۆلە نوێیەی کوشت و بڕی ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران، پێدەچێ سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ڕەوتی چاوترسێن کردنی خەڵك بێ و دەربڕی ئەو ڕاستییە، کە حەسەن ڕووحانی و ئەحمەدی نژاد و باقی مۆرەکانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسی و نەتەوەکانی ئێراندا، جیاوازییەکیان نییە و ئەوەش بۆچوونی بەشێکی واقیعبینی ئۆپۆزسیونی ڕێژیم بوو لەکاتی ڕادەست کردنی دەسەڵاتی سەرۆك کۆماری بە ڕووحانی.

حەسەن ڕووحانی، سەرەڕای بەکارهێنانی زمانێکی جیاوازتر لە ئەحمەدی نژاد لە ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەییدا، بە کوشتاری بەربڵاوی گیراوە سیاسییەکانی کورد، عەرەب و بەلووچ دووبارە نیشانی دا کە دڕندەیی و مرۆڤکوژی بەشێکی جیانەکراوە لە کولتووری سیاسی و بنەما فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە بە جێگۆڕکێی یەك یا چەند مۆرە لە نێو ڕیزەکانی سەرەوەی دەسەڵاتدا، نە هەڵسوکەوتی ڕێژیم گۆڕانی بە سەردا دێ و نە دەرگایەکی نوێ بەرەو پاشگەز بوونەوە یا هەر نەبێ شل بوونی زەخت لەسەر کۆمەڵگادا دەکرێتەوە. بە پێچەوانە و بە گریمانەی ناومکنیشەوە تەنانەت ئەگەر زمانی دەسەڵاتداران بە تەواوی گۆڕانی بە سەردا بێ و زمانێکی هێور و نەرمیش جێگای بگرێتەوە، ئەو دەم باشتر جەوهەری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ کە پڕە لە درۆ، دووڕوویی، تاوان، مرۆڤکوژی، دوژمنایەتی لەگەڵ مرۆڤایەتی و پەرەپێدانی بێعەداڵەتی و هەڵاواردن.

دیارە ئەگەر کوشتن و لە نێوبردنی فیزیکیی دژبەران و ڕەخنەگرانی دەسەڵات، لەو سی و چەند ساڵەی دەسەڵاتدارییی کۆماری ئیسلامیدا بیتوانیبا وەرەی بەرز و خەباتگێڕانەی گەلانی ئێران تێك بشکێنێ و تێکۆشەرانی کورد، عەرەب، بەلووچ و باقی گەلانی ئێران بە چۆکدا بێنێ، بە دڵنیاییەوە ئێستا ئاسەوارێك لە هێز و وەرەی شۆڕشگێڕانەی ئەو گەلانە نەمابوو. بەڵام هەر ئەو کوشتارەی دوایی نیشان دەدا کە ڕێژیم ئێستا زۆر لە جاران زیاتر لە بڵێسەی ئاگری شۆڕش لە کوردستان و باقی هەرێمەکانی دوور لە بازنەی دەسەڵات دەترسێ.

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، سەبارەت بە پەرەگرتنی زیاتری ئیعدامی زیندانییانی سیاسی

گەلانی ئازادیخوازی ئێران!
کۆمەڵانی خەڵکی مافخوازی کوردستان!
کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ !

بەپێی ئەو راگەیاندن و بڵاوکراوانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو رۆژی رابردوودا ژمارەیەك زیندانیی سیاسی لە رۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێران لەلایەن ئەو رێژیمەوە ئیعدام کراون، "رەزا ئیسماعیلی" و "حەبیبوڵلا گوڵپەریپوور" زیندانییانی سیاسیی کورد لە شارەکانی سەڵماس و ورمێ و هەروەها ١٦ چالاکی سیاسی و فەرهەنگیی بلوچ لە شاری "زاهێدان"ی پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە ریزی ئەو ئیعدام کراوانەدان. ئیعدام کردنی ئەو زیندانییە سیاسییانە لە کاتێکدایە کە لە رەوتێکی عادڵانە و لە پرۆسەیەکی قەزایی واقعی و لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤدا لێپرسینەوەیان لێ نەکراوە. رەوتی ئیعدام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە هەلومەرجێکدا پەرەگرتنی زیاتر بە خۆوە دەبینێ کە بە هاتنەسەرکاری حەسەن رووحانی وەك سەرکۆمار هێندی کەس و لایەن ئەوەیش لەسەر بەڵێنییە تەبلیغاتییەکانی ناوبراو خەونی دوورکەوتنەوی رێژیمیان لە پێشیلکردنی مافی مرۆڤ، سرنجدان بە مافی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران و باش بوونی وەزعی ژیان و گوزەرانیان دەدیت و بانگەشەیان بۆ بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی و هاتنەسەرکاری رووحانی دەکرد. هەرچەند شەپۆلی ئیعدام و پەرەگرتنی زیاتری لە جێدا نارەوا و مەحکوومە، بەو حاڵەش جێگای سەرنجە کە دەزگای قەزایی وڵاتێك کە دەبێ بەرێوەبەری یاسا بێ بە رووهەڵماڵراوی و راشکاوی رابگەیەنێ کە بە تۆڵەی کوژرانی چەند چەکداری سەر بە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە تێکهەڵچوونێکی چەکدارانەدا، شازدە زیندانی کە چەند ساڵە لە بەردەستی خۆی و لە زیندانی خۆیدان ئیعدام دەکا. کردەوەیەك کە بێجگە لە کۆماری ئیسلامی و دەزگای قەزایەکەی لە هیچ وڵات و دەسەڵاتێك ناوەشێتەوە و ئەوەش دیاریی سەرکۆمارێکە کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو نیزامی نییە و یاساناس و یاسازانە. بەڕاستی ئەوانەی بانگەشەی چەواشەکارانەیان بۆ ئاڵوگۆڕ بە دەستی رووحانی دەکرد دەبێ چ قسەیان بۆ بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و بۆ بیروڕای گشتی هەبێ و ئەو کردەوە دژە مرۆڤانەیە چۆن پاساو بدەن. دیارە شەپۆلی ئیعدام و رەوتی پەرەگرتنی، خەڵکی ئێرانی بەگشتی گرتەوە و لەو بارەوە لە راپورتی ئەحمەد شەهید دیاری کراوی تایبەتیی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئێران نیگەرانیی دەربڕاوە، بەپێی ئامارەکانی بەردەست لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا ٥٣٧ کەس لە ئێران ئیعدام کراون کە لە چاو ساڵی رابردوو بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. سیاسەت و کرداری دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی هەر بە ئیعدامی زیندانییانی سیاسی لە کوردستان بەرتەسك نابێتەوە و لە شێوەی دیکەشدا رۆڵەکانی کورد قوربانی دەکا هەروەك چەند رۆژ لەوە پێش بوو کە چەند مێرمنداڵی کورد لە مەریوان بوونە قوربانیی مینی چاندراوی رێژیم و گرنگی نەدان بە هەڵگرتنەوەیان کە رۆژانە لە رۆڵەکانی کورد قوربانی دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئیعدامی زیندانیانی سیاسی، نیگەرانی لە پەرەگرتنی دەردەبڕێ و هاودەردیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەکانیان رادەگەیەنێ، هەروەها داوا لە بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای جیهانی و کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان دەکا کە بە دەربڕینی نارەزایەتیی لەو هەمووە ئیعدامە و بە مەبەستی گوشارهێنان بۆ کۆماری ئیسلامی لەپێناو راگرتنی ئەو رەوتە، هەوڵی خۆیان وەگەڕ بخەن و لەپێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ و دژ بە جینایەت و کوشتار هەنگاو هەڵبگرن بەتایبەت کە هەر ئێستا مەترسی لەسەر گیانی کۆمەڵێك زیندانی سیاسی لە رۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێرانی بەتایبەت مافخوازانی کورد لەئارادایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی
٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣ی زایینی

## شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

رێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرپەرستیی "د. محەممەد حاجی" رێکخەری ژووری پێوەندییە سیاسییەکانی ئەو بزووتنەوەیە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازیی لێ کرا. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای خۆشحاڵیی خۆی لە سەردانی شاندی بزووتنەوەی گۆڕان لە دەفتەری سیاسیی حیزب، باسی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی کوردستانی کرد و کۆدەنگی و یەکگرتوویی هەرچی زیاتری کوردی بە رەمزی بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان و بە زامنی سەرکەوتنی زانی.

پاشان دوکتور محەممەد حاجی، خۆشحاڵیی خۆی لە پێشوازیی گەرمی حیزبی دێموکرات دەربڕی و روانگەی بزووتنەوەی گۆڕانی لەسەر پرسە سیاسییەکان و بارودۆخی هەرێمی کوردستان بۆ شاندی خانەخوێ باس کرد.

لە کۆتایی ئەو دانیشتنەدا هەر دوولا لەسەر هەوڵی زیاتر بۆ باشتر بوونی بارودۆخی کورد پێداگرییان کردەوە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری تورکیەدا

رێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر داوای فەرمیی کونسوولی تورکیە لە شاری هەولێر، لە رێورەسمی ٩٠ـەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری تورکیە بەشداریی کرد. لەو رێورەسمەدا شاندی حیزب چاوی بە ژمارەیەك لە نوێنەرانی بەشدار، وەکوو نوێنەرانی کونسوولخانەی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا کەوت.

## هاودیتنی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە فەرانسە لەگەڵ حیزبی چەپی ئەو وڵاتە

رێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، خوسرەو عەبدوڵڵاهی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فەرانسە، لە مەقەڕی حیزبی چەپی فەرانسە لە پاریس لەگەڵ بەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و رۆژهەڵاتی نزیکی ئەو حیزبە کۆبووەوە و لەسەر کۆمەڵێك بابەت ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. ئەمە یەکەمین دانیشتنی فەرمیی نێوان دوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی چەپی فەرانسە بوو کە زیاتر بۆ ناساندنی رێباز و روانگەکان و هەڵوێستی سیاسیی هەر دوولا تەرخان کرا. بەرپرسی حیزبی چەپی فەرانسە وێڕای خوشحاڵیی خۆی لەو چاوپێکەوتنە، لەسەر هەڵوێستەکانی حیزبەکەی وەکوو حیزبێکی چەپی پێشکەوتنخواز و لاییك و لایەنگری ئاشتی و خەبات لەپێناو دادی کۆمەڵاتی و پاڵپشتی لە خەباتی ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازان پێداگریی کردەوە و خۆی وەکوو دژبەرێکی رێژیمی ئێران ناساند.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە هەولێر بەشداریی کرد

رێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر بە سەرپەرستیی "محەممەد ساڵح قادری" ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە کۆنفرانسی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەشداریی کرد. سەرەتای کاری کۆنفرانس بە وتەی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان "ئارام ئەحمەد" و "ئەمەل نەسار" نوێنەری داداگای ناوبراو دەستی بە کارەکانی کرد. مەبەستی سەرەکی پێکهێنەرانیی کۆنفرانسەکە کە دەیان رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و دادوەران و مامۆستایانی زانکۆ بوون، گۆشار خستنە سەر دەوڵەتی عێراقە تاکۆ ببێتە ئەندام لە "دادگای نێودەوڵەتیی تاوان"دا و پابەندی یاساکانی رۆما بێت. لەسەر داوای نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رەزامەندی بۆ پێکهێنانی کۆنفراسێکی تایبەت بە تاوانەکانی دژبە مرۆڤایەتیی رێژیمی ئێران وەرگیرا تاکۆ لە رێگای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان گۆشار بخرێتە سەر ئێرانیش کە لەو دادگایەدا ببێتە ئەندام.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی رێکخراوی "بەرەی پێشکەوتوو" بەشداریی کرد

رێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپرستیی "لوقمان ئەحمەدی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکان لە دەرەوەی وڵات، لە کۆنفرانسی "بەرەی پێشکەوتوو" بەشداریی کرد. ئەو کۆنفرانسە لەژێر ناوی "پێوەندیی جیهانی نوێی نێوان کرێکار و سەرمایە"، بە بەشداریی ١٥٠ نوێنەر لە ٤٠ وڵاتی جیهان، بەرێوەچوو. لە پەراوێزی ئەو کۆنفرانسەدا شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەری چەند حیزبی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنی وڵاتانی ئورووپایی ئەنجام دا و سەبارەت بە رەوشی سیاسیی کوردستانی ئێران، باس و وتوویژیان کرد.

## لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد، لە شاری مەریوان خۆپیشاندانی لێکەوتەوە




هاووڵاتییانی شاری مەریوان بۆ مەحکووم کردن و نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان بەڕێوە برد.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، رۆژی سێشەممە ریکەوتی ١٤ی خەزەڵوەر هاووڵاتیانی شاری مەریوان لە چوار رێیانی شەبرەنگەوە هەتا چوار رێیانی "ئەسڵی"ی ئەو شارە، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان دژی لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد، بەڕێوە برد.

بە وتەی شایەتحاڵان، هێزەکانی گاردی تایبەت هێرشیان کردوەتە سەر خۆپیشاندەران و چەند کەسێکیان دەستبەسەر کردووە و هێزێکی زۆری نیزامی و گاردی تایبەت لە سەرجەم شەقام و شوێنە گشتییەکانی ئەو شارەدا جێگیر کراون.

رۆژی ٤ی خەزەڵوەری ئەمساڵ دوو زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی "حەبیبوڵلا گوڵپەریپوور" و "رەزا ئیسماعیلی" لە زیندانەکانی ورمێ و سەڵماس لە سێدارە دران و هەروەها شێرکۆ مەعارفی پاش ٥ ساڵ راگیران لە زیندان، سەرئەنجام رۆژی رابردوو رێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەر لە زیندانی ناوەندیی شاری سەقز لە سێدارە درا.

شایانی باسە کە رێژیم بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە خۆپیشاندانێکی هاوشێوەی شاری مەریوان، شەقام و بازارەکانی شاری سنەی خستوەتە ژێر چاوەدێری و هێزێکی زۆری لە نێو شاردا جێگیر کردووە و شار کەوتوەتە دۆخێکی نائاساییەوە.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ١٦ زیندانیی سیاسیی بەلووچ لە سێدارە دران

ڕێکەوتی ٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، ١٦ زیندانیی بەلووچ لە زیندانی زاهیدان بەتۆمەتی ئەندامەتی لە گرووپی عەبدولمالیك ریگی لە سێدارە دران. لە سێدارەدانی ئەو ١٦ زیندانییە بەلووچە پاش تێکهەڵچوونی گرووپێکی چەکدار لەگەڵ هێزە سنوورییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پاسگای "گەزبستان" هاتە ئاراوە کە بە وتەی سەردۆزگەری زاهیدان ئەو ڕەشەکوژییە پاش ئەو تێکهەڵچوونە و لە تۆڵەی کوژراوانی ڕێژیم لە سێدارە دراون.

## زیندانییەکی سیاسی لە سەڵماس لە سێدارە درا

ناوەندی مافی مرۆڤی سەڵماس بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەر، ڕەزا مامەندی کوڕی تۆفیق تەمەن ٣٤ ساڵ و خەڵکی گوندی "دێرک"ی سەربە ناوچەی سەڵماس، لە زیندانی ناوەندیی شاری سەڵماس لە سێدارە درا. کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بە بێ ئاگادار کردنەوەی بنەماڵەی ڕەزا ئیسماعیلی، پاش لە سێدارەدان، تەرمی ناوبراوی لە گۆڕستانی سەڵماس ناشتووە.

## زیندانییەکی سیاسی لە ورمێ لە سێدارە درا

ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، حەبیبوڵڵا گوڵپەری پوور زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لە سێدارە درا. حەبیبوڵڵا گوڵپەری پوور ساڵی ١٣٦٣ لە شاری سنە لە دایك بووە و لە ڕێکەوتی ٥ی ڕەزبەری ١٣٨٨ هەتاوی لە کاتێکدا ویستوویەتی لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ بڕوات لەلایەن هێزەکانی حەفازەتی ئیتیلاعاتی سپای ڕێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر کرا.

## شێرکۆ مەعارفی زیندانیی سیاسیی کورد لە سێدارە درا

کەمپەینی بەرگری لە زیندانییانی سیاسی و مەدەنی بڵاوی کردەوە، شێرکۆ مەعارفی چالاکی سیاسیی کورد، سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەر، لە زیندانی ناوەندیی سەقز لە سێدارە درا.شێرکۆ مەعارفی لە ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر و لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سەقز بە تۆمەتی "دژایەتیی خوا" لە ڕێگەی "ئەندامەتی لە یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیم" سزای سێدارەی بەسەردا سەپا.

## لە کۆیە، لە سێدارەدانی لاوانی کورد لە ئێراندا مەحکووم کرا

لە ڕێکەوتی ١٢ خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسیی لە ئێران، خۆپیشاندانێك لە شاری کۆیە بەڕێوەچوو. ئەو خۆپیشاندانە، بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان لە بەر بینای فرمانداریی شاری کۆیە دەستی پێکرد. جەلال ساڵحی سکرتێری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران، چیمەن ڕەفێق بەرپرسی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە پەیامیان پێشکەش کرد. خۆپیشاندانەکە بە خوێندنی سروودی "ئەی شەهیدان" لەلایەن غوڵام فاتێحی هونەرمەندی کورد و وتنەوەی دروشمگەلێك وەکوو "نا بۆ سێدارە، بەڵێ بۆ ژیان" و "ئەی کۆماری ئیسلامی، بە سێدارە نامێنی"، کۆتایی پێهات.



## دوایین دانیشتنی دادگای برایانی کوردپوور بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، سێهەمین و دوایین دانیشتنی دادگای پێڕاگەیشتن بە تۆمەتەکانی مەسعوود و خوسرەو کوردپوور دوو ڕۆژنامەنووسی کورد، بەڕێوەچوو. خوسرەو کوردپوور بە تۆمەتی "دژایەتیی خوا و هەوڵدان لەدژی تەناهیی نەتەوەیی" و مەسعوود کوردپوور بە تۆمەتی "هەوڵدان لەدژی تەناهیی نەتەوەیی" لەو دادگایەدا ئامادە بوون کە ئەو تۆمەتانە لەلایەن پارێزەرەکانیانەوە ڕەت کرانەوە و ڕاپۆرتی کارناسانی ئیدارەی ئیتلاعاتیان لەمەڕ قەناعەت پێهێنانی دادگا بە لاواز و نەبوونی بەڵگەی سەلمێنەر زانی. برایانی کوردپوور ٨ مانگ پێش ئێستا لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر کران.

## زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد سزای ئیعدامی بەسەردا سەپا

کەمپەینی بەرگری لە زیندانییانی سیاسی و مەدەنی بڵاوی کردەوە، ئارمان پەرویزی کوڕی ڕەشید خەڵکی شاری مەهاباد کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوو هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسی دیکە دەسبەسەر کرا، لە ١٥ی پووشپەڕی ئەمساڵ لە دادگای ئینقلابی شاری ڕەشت بە تۆمەتی "هەوڵدان لەدژی تەناهیی نەتەوەیی و هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران" سزای ئیعدامی بە سەردا سەپاوە. بەپێی ئەو سەرچاوەیە، حوکمی ئیعدامی ئارمان پەرویزی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی بە ناوبراو ڕاگەیەنراوە. ئارمان خوێندکاری ڕشتەی میعماریی زانکۆی ڕەشت بووە و ئەمە سێهەمین زیندانیی کوردە کە پاش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ڕووحانی سزای ئیعدامی بەسەردا سەپاوە.

## سزای لەسێدارەدانی ٤ زیندانیی سیاسیی کورد پشتڕاست کرایەوە

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سزای لەسێدارەدانی چوار زیندانیی سیاسیی کورد بەناوەکانی "سیروان نژاوی، ئیبراهیم عیساپوور، مەنسوور ئاروەند و سامان نەسیم" لەلایەن دادگای ئێرانەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

## کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە ناوچەی کامیاران

ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، دایە "سانیە نەدیمی" خەڵکی ئاوایی "زیوییە"ی سەر بە شاری کامیاران، کۆچی دوایی کرد و هەر ئەو ڕۆژە لەنێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا.

دایە سانیە کچی "میرزا موراد نەدیمی" و دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاری کوردستان شەهید "سەعید نەدیمی" بوو. شەهید "سەعید نەدیمی" کوڕی ئەمین لە ساڵی١٣٤٢ لە گوندی "زیوییە"ی کامیاران، لەدایك بوو و لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی کامیاران هاتە ڕیزەکانی حیزب و وەکوو سەرپەلی پەلێك لە پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون دیاری کرا.

شەهید سەعید لە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەزبەری ١٣٦٢ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە ئاوایی "تەنگیسەر"ی سەربە ناوچەی سنە شەهید بوو و تەرمەکەی لە ئاوایی نییەر بەخاك سپێردرا.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری ناوچەی کامیاران کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، حاجی شێخ جەعفەر ڕووحانی کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەری ناوچەی کامیاران لە کرماشان کۆچی دوایی کرد. ناوبراو یەکێك لەو کەسانە بوو کە هەمیشە پشتیوانیی لە پێشمەرگەی کوردستان دەکرد و لە ڕۆژە سەختەکاندا یارمەتیدەریان بوو.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بانە کۆچی دوایی کرد

دایە ئامینە ئەندامی حیزبی دێموکرات، دڵسۆز و پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو و دوو کوڕی بۆ خزمەت کردن ناردووەتە ناو شۆڕشی گەلی کورد. ئامینە خان خاڵکی گوندی کانی سێوەی سەر بە شاری بانە بوو و هەمیشە وەکوو تێکۆشەرێکی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان لە خزمەت حیزب و گەلەکەیدا بوو.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، "ڕەحمان ئەمینی" تەمەن ٢٩ ساڵ و خەڵکی "دادانەی کەمانگەر"ی سەربە شاری مەریوان و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، لە شارۆچکەی زانستە پزیشکییەکانی شاری سنە بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەست دا.

## دایکی شەهید عەبدوڵڵا قادریئازەر کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی دایە "زارا قادریئازەر" دایکی شەهید "عەبدوڵڵا قادری ئازەر" نوێنەری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. دایە زارا لە ماوەی ژیانیدا زۆر جار لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە تووشی ئەزیەت و ئازار بووەتەوە و پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕەکەی "شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر" لە ساڵی ١٣٦، بۆ ماوەی ساڵێك زیندانی کرابوو. شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر ساڵی ١٣٦٨ هاوڕێ لەگەڵ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە شاری ڤییەن، لەکاتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە کوردستانی ئێران، لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کرا.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، "نایب ئەمیرزادە" کوڕی حەسەن باوکی شەهید "قادر ئەمیرزادە" خەڵکی ناوچەی ورمێ لە گوندی "کۆران"ی ناوچەی سۆما بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو کەسایەتییەکی ناوچەی سۆما بوو، باوەڕێکی قووڵی بە ڕێبازی حیزب و نەتەوەی کورد هەبوو و هەمیشە شانازیی بە کورد بوونەیەوە دەکرد. هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران چەندین جار بەهۆی نیشتمانپەروەری لایەنگری لە بزووتنەوەی گەلی کورد، باوکی ئەو شەهیدەیان بانگهێشت کردووە و ئەشکەنجە و ئازاریان داوە. شەهید قادر ئەمیرزادە کوڕی مام نایب، لە ڕێکەوتی ١ی پووشپەڕی ١٣٧٥ی هەتاوی، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەرتشی تورکیەدا شەهید بوو.

## کۆچی دوایی دوو ئەندامی حیزبی دێموکرات لە شارەکانی سەردەشت و سنە

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "مستەفا شیرینپوور" ناسراو بە "حەمە شیرین" خەڵکی گوندی "مارەغان"ی سەردەشت لە تەمەنی ٦٠ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کاك مستەفا کەسێکی خۆشناو و جێی متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزبەکەی وەفادار مایەوە.

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "ساڵح یاری" لە گوندی "ئەوێهەنگ"ی سەربە ناوچەی ژاوەرۆی شاری سنە لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کاك "ساڵح یاری" لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوییەوە وەکوو ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دا لە خزمەتی حیزبەکەیدا بێت و لە هەموو ڕێگایەکەوە هەوڵی دەدا کە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بۆ خەڵکی ناوچەکە شی بکاتەوە و ڕێنوێنییان بکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری شێخ جەعفەر، زارا قادریئازەر، دایە ئامینە، ڕەحمان ئەمینی، نایب ئەمیرزادە، سانیە نەدیم، مستەفا شیرینپوو و ساڵح یاری دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

# وتووێژی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ والاپرێس

ئەنوەر حسێن (بازگر)

**وەك گۆڤاری والاپرێس، لە بارەگای سەرەکیی سکرتارییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆبووینەوە بۆ سازدانی ئەم دیدارە. ئەو سکرتێری حیزبێکە کە لە ڕابردوودا لە خەبات و تێکۆشانێکی سەختدا بووە و خاوەنی چەندین سەرکردەی تێکۆشەری وەکوو شەهید قازی، قاسملو و شەرەفکەندییە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بەردەم چەندین مەترسی گەورە و تیرۆرو هەڕەشە و ترس و تۆقانێکی زۆردا بووە.**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بارەگای سەرەکیی خۆی، سەبارەت بە بارودۆخی کۆنگرەی نەتەوەیی و بارودۆخی سیاسیی کورد و کێشە و گرفتەکانی حیزبی دێموکرات و ئەگەرەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حیزب، ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکهاتووە، بیروبۆچوونەکانی دەخاتەڕوو.**

*** با لەوەوە دەست پێبکەم حیزبێك کە خاوەنی کۆمار بێت، حیزبێك خاوەنی قازی و قاسملو و هەزاران پێشمەرگە، هەزاران شەهید بێت، حیزبێك لە ڕابردوودا خاوەنی دەسەڵات بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا دەبینین لە ئۆردوگایەك قەتیس ماوە، ئەو حیزبە بە ئۆردوگانشین ناسراوە و گلەیی ئەوەی لێدەکرێت ناتوانێت خەباتی چەکداری دەستپێبکات و ناتوانێت خەباتی مەدەنی بەرەوپێش بەرێت، چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەیتەوە؟**

- واقیعەکە ئەوەیە، بە گوێرەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە دنیا و ناوچەکە و وڵاتدا دێتەپێشێ، ئاڵوگۆڕەکان کاریگەری خۆیان لەسەر هەموو جوڵەی کەسایەتی و کۆمەڵ و حیزب و دەسەڵاتێك دادەنێن، بۆیە ئەو ڕابردووەی جەنابت باستکرد بۆ حیزبی دێموکراتی ئێران تەواو ڕاستە، ڕابردوویەکی پڕ لە شانازی و پڕ لە خەبات و تێکۆشان و فیداکاریی هەبووە. بەڵام ئێستا وەزعییەتی دنیا و ناوچەکە گۆڕاوە، نەك بۆ ئێمە وەکو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانین، بەڵکوو لە ناوچەکەدا و لە دنیادا هەڵسوڕانی حیزبەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهاتووە. ئێستا هەڵسوڕان و تێکۆشانی حیزبەکان وەکوو (٣٠) ساڵ (٤٠) ساڵ لەمەوپێش نەماوە، کۆمەڵگا گۆڕاوە، بیروبۆچوونەکان گۆڕاون، ئەو گۆڕانانە پێویستیی نوێ بەدوای خۆیاندا دەهێنن. لێرەدا مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی ئەو دەورەی کە لە ڕابردوودا هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی هێزە سیاسییەکانی کورد ڕوویان لە خەباتی چەکداری و خەباتی پێشمەرگایەتی بوو، ئایا ئێستا ئەو ویست و داخوازییانە لەنێو کۆمەڵگادا بەو شکڵەی خۆی، خەڵك دەیەوێت؟ ئایا شوێندانەریی خۆی هەیە لەسەر دەسەڵات کە بتوانێت دەسەڵات بێنێتە سەر مێزی وتووێژ و داخوازییەکانی نەتەوەی **بەسەردا بسەپێت؟**

ئەوەی کە ئێمە لە ڕابردوودا کردومانە بەتایبەتی لە دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئێستا ماوەی چەند ساڵێکی بەسەردا تێدەپەڕێت، هەموو ئەو شێوە خەباتەمان لە ڕابردوودا تاقیکردووەتەوە، وەکو خەباتی چەکداری، خەباتی مەدەنی، خەباتی سیاسی، ڕاگەیاندن و ڕێکخستن و هەموو ئەوانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هاوسەنگیی هێز ئێمە وردە وردە پاشەکشەمان کردووە و هاتووینەتە سنوورەکان و ئێستا وەك باسمانکرد بەشی ئاشکرای حیزبەکەمان لە کەمپەکانی حیزبدا لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێیە کە لەو کەمپانەدا کاری حیزبی دەکەین بە پێچەوانەی ئەوەی باسدەکرێت کە ئەوە کەمپنشینییە و بێدەسەڵاتییە!

بەڵکو ئێمە لەو ماوەیەدا کاری زۆر چڕوپڕمان هەیە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی میدیایی، لە پێوەندی لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە هەموو بەشەکاندا، هەروەها ڕێکخستن لە ناوخۆی وڵاتدا بە شێوەی نهێنی کار و تێکۆشانێکی زۆر بەرچاومان هەیە، ئەوەی ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکی کورد لە بەرچاویانە ڕاگیرانی خەباتی چەکدارییە لەلایەن حیزبی ئێمەوە، بێجگە لەو بەشە هەموو بەشەکانی دیکەی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات ئەکتیڤ و کارایە، بەڵام بە گوێرەی لێکدانەوەیەك کە حیزبی ئێمە کردوویەتی، لە ئێستادا دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێراندا بە قازانج نازانین، پێمانوایە دەبێت ئێستا لە خەباتی دیکە سوود وەربگرین، هەروەك تا ئێستا کردوومانە و لە کاتێك کە گونجاو بێت خەباتی چەکداری دەستپێبکەین، خەباتی چەکداری بە بۆچوونی ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتێك نییە کە بسەپێت بەسەرماندا وەکوو خەباتێك کە ئیلزامەن ئێمە ئەگەر خەباتی چەکداری نەبێ دەست ڕابگرین و کاری دیکە نەکەین، بەڵکو پێمانوایە کە لەهەر سەردەمێکدا ڕەنگە شکڵێك لە خەبات و تێکۆشان گونجاو بێت لە وڵاتدا، بەپێی لێکدانەوەیەکی سیاسی کە هەمانە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی مەنتیقەدا لە ئێراندا و لە دنیادا واقیعەتەکە ئەوەیە کە خەباتی چەکداری وەکوو ڕابردوو خەباتێك نییە کە خەڵکی و لایەنەکان پێشوازی لێبکەن، بۆیە فیعلەن ئێمە ئەو بەشەمان ڕاگرت، بەڵام بەشی کارەکانی دیکەمان زۆر فەعالە.

> **واقیعەتەکە ئەوەیە کە خەباتی چەکداری وەکوو ڕابردوو خەباتێك نییە کە خەڵکی و لایەنەکان پێشوازی لێبکەن**

*** ببورە خەباتی چەکداریتان ڕاگرتووە یان بە ناچاری ڕاگیراوە، واتە بۆ نموونە وەزعییەتێك کە ئێستا هەرێمی کوردستان بەدەستیهێناوە لە دەرئەنجامی شەڕ و خەباتی چەکداری بووە، لە کوردستانی تورکیا سوڵح کە دەکرێت لە دەرئەنجامی هاوسەنگیی هێز و خەباتی چەکداریدا بووە، لە کوردستانی سووریە خەباتێك هاتووەتەکایەوە دەرئەنجامی خەباتی چەکدارییە، ڕاستە ئاڵوگۆڕێك پێکهاتووە لەو ناوچەیەدا. تۆ پێتوانییە هێشتا بۆ ئێوە خەباتی چەکداری یەکێك بێت لە پێشەنگی کارەکانی ئێوە، وەکوو جەنابیشت باستکرد، بۆ ئێوە هەلومەرجێك نییە بۆ کاری ڕێکخراوەیی و کاری ئازاد لە ئێران، لە ڕێگای کاری تەشکیلاتی و نهێنیشەوە لە ماوەی پانزە بیست ساڵی ڕابردوودا نەتانتوانیوە کاریگەری گەورە دابنێن، یەعنی پێتانوانییە کە خەباتی چەکداری بۆ ئێوە گرنگ و پێویستە، دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت؟**

- خەباتی چەکداری کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام هەموو شتێك نییە، من لەو باوەڕەدا نیم ئەو گۆڕانانەی لەم ناوچەیەدا ڕوویانداوە چ لە کوردستانی عێراق بێت یان سووریە و تورکیا، ئەوە خەباتی چەکداری هێزی کورد هێنابێتیە پێشێ! لەگەڵ ڕێژم بۆ هەموو خەباتێك کە گەلی کورد لەمێژوودا کردوویەتی، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا کە خەباتێکی زۆر دوورو درێژو پڕ لە قوربانیداوە، بەڵام ئەوەی هاتەکایەوە لە کوردستانی عێراقدا بەشی هەرەزۆری بەسترابوو بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ناوچەکەدا هاتۆتەپێشێ. ئەو هێرشەی کرایەسەر عێراق، سەدام حسێنی بە ڕووخان دا، دەزانین هێزەکانی کوردی عێراق لەگەڵ هەموو فیداکارییەك کە کردیان نەیانتوانی کاریگەری دابنێن کە ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لەو بەشەدا لەگەڵ سەدام حسێن چارەسەر بکەن، ئەوەی کە ئێستا لە کوردستانی سووریاشدا دەیبینین کە بەشێك لە کوردستانی سووریە ئازادە و هێزەکانی حکومەتی تێدا نییە، لەبەر ئەوە نییە کە بە چالاکی هێزی کورد ئەو ئاڵوگۆڕە هاتووەتە پێش، بەڵکوو ئەو وەزعەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێ هێناویەتیە پێشێ کە بەشار ئەسەد تووشی شەڕێکی توندوتیژ و خوێناوی بووە و لاواز بووە، بۆیە ئەو وەزعییەتە لەوێدا خوڵقاوە. لە تورکیاشدا کورد فیداکاری بەرچاوی کردووە، بەشێکی بەرچاوی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئێستا لە تورکیادا هەیە بە خەباتی مەدەنی دەچێتە پێشێ و ویست و داخوازیی کوردی تێدا زەق بۆتەوە، ئێستا پرۆسەیەك دەستپێکردووە لە نێوان pkk و حکومەتی تورکیادا، بەشێکی بنچینەیی دەگەڕێتەوە سەر بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتی حیزبێك کە ئێستا لەسەر کارە، چونکە ئێمە پێش ئەو حیزبەش لەگەڵ ئەوەی خەباتی کورد لە تورکیادا هەر بووە، چ بە شەڕی چەکداری چ بە شەڕی مەدەنی، بەڵام حکومەت جوابی ویست و داخوازی کوردی نەداوەتەوە و باوەڕی پێی نەبووە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی دنیا و ناوچەکە، وەکوو عەرزم کردیت وای لێهاتووە ئەو مەسەلانە زەقبوونەتەوە. بەڵام لە ئێراندا بەگشتی حکومەتێکی وا لەئارادا نییە کە ئەو شتانە دەرك پێبکات و تا ئێستا کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە دنیادا هەیە، بۆیە ئەو حکومەتە ئێستاش بەستراوەیە، فرسەتی حەرەکەتی مەدەنیش نەك بە کورد بە کەسی دیکەش نادا. لە کوردستانی تورکیا، خەبات بە شێوەی مەدەنی ئیمکانی هەیە، فەزاکە کراوەتەوە بۆ خەباتی مەدەنی، دەبێت کەڵکی لێوەربگری، کوردستانی عێراق وەزعییەتەکەی بەتەواوی گۆڕاوە و بووەتە حکومەتێکی خۆجێیی، لە سووریەش وەزعییەتەکە بەوجۆرەیە کە هەموومان ئاگادارین. وەکو باسمکرد دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە بەشێکی زۆری ناوچەکەدا نەماوە، مەبەستمە ئەوە بڵێم لە هەموو مێژووی کورد دا کە خەباتی چەکداری تووندوتیژ کراوە و کورد فیداکاری زۆری کردووە، لە ڕاستیدا کەس نەبووە کە بە خەباتی چەکدارییەکەی حکومەت ناچار بکات مل ڕابکێشێت بۆ ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد.

*** بڕواتان بەخەباتی چەکداری نەماوە؟**

- بڕوامان بە خەباتی چەکداری ماوە، بەڵام نەك خەباتی چەکداری وەك هەموو شتێك ببینین، ئەگەر خەباتی چەکداری نەبوو پێمان وابێت هەموو شتێك تەواو بووە، بەڵکوو خەباتی چەکداری وەکوو هەموو بەشەکانی دیکەی خەبات دەبێت لە کاتێکدا کە گونجاو بێت ئەو دەمە دەستی پێبکەیت.

*** ئێستا گونجاو نییە بۆ ئێوە؟**

- نا بۆ ئێمە ئێستا گونجاو نییە.

*** بۆ؟**

- بە دەلیلی ئەوەی کە خەباتی چەکداری ئەگەر دەستی پێبکەیت پێویستی بە پشتی جەبهەیەکی موتمەئین هەیە کە ئێمە ئەوەمان نییە، لە وڵاتێکی گەورە و فرەنەتەوەی وەکوو ئێراندا کە کورد نەتەوەی سێیەمە لە باری ئابوورییەوە یەکێك لە بێدەرەتانترین نەتەوەکانی ئێرانە، ئیمکاناتی ژیانی زۆر بەرتەسکە، ناکرێت کورد لە وڵاتێکی ئاوا گەورەدا بە تەنیا دەستبداتە خەباتی چەکداری و قوربانیی بۆ بدات، لە حاڵێکدا کە تا ئێستا نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکی زۆریان لە حکومەت هەیە، بەڵام تا ئێستا ئامادەییان بۆ ئەو مەسەلەیە نییە، کورد بەتەنیا ناتوانێت ئەو کارە بکات، بۆیە دەبێت فرسەتێکی گونجاو هەبێت.

* چییە ئەو فرسەتە؟

- ئەو فرسەتە ئەو کاتەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەمێکە پرۆسەی لاوازبوونی دەستپێکردووە چ لەبارەی ناوخۆوە چ لەبارەی نێونەتەوەییەوە، ئەو لاوازی و بێدەرەتانییەی کۆماری ئیسلامی بگاتە نوقتەیەك کە نەك هەر کورد، بەڵکوو نەتەوەکانی تریش جورئەتی ئەوەیان هەبێت، ئەگەر خەباتی مەدەنی جوابی نەداوە، خەباتی چەکداری دەستپێبکات، حیزبی دێموکرات تەنها حیزبێك نەبێت کە لەو وڵاتەدا خەبات بکات، ئەوە پێموابێ فرسەتەکە ئاوا دەبێت، بەڵام بۆ ئەوکاتە حیزبی دێموکرات دەبێت ئامادەیی هەبێت، ئێمە ئەو ئامادەییەمان هەیە، ئێستاش پێشمەرگە وەردەگرین، فێرگەی نیزامیمان هەیە، پێشمەرگە پەروەردە دەکەین، ئەو پێشمەرگانە بەشێکی زۆریان لە کەمپەکانی حیزبیدا دەمێننەوە بۆ پارێزگاریی حیزب کار دەکەن و تێدەکۆشن، شتی تازە فێردەبن، بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی مناسبدا بۆ ئەوەی بتوانین لە دەرفەتەکە کەڵك وەربگرین چ وەکوو خۆمان چ وەکوو ڕاکێشانی نەتەوەکانی دیکە کە ئامادەیی ئەوەیان هەبێت خەباتێکی هاوبەش لە ئێراندا بەدیبێنین.

*** ئەو فرسەتەی باستکرد، چاوەڕێی دەکەن کە ئەمریکا بێتە ناوچەکە وەك دەخالەتی کرد لە عێراق، لە سووریە، چاوەڕێی ئەوە دەکەن لە ئێرانیش دەخالەت بکات ئەوجا دەستبەکاربن؟**

- نا مەسەلەکە تەنها ئەوە نییە کە چاوەڕێ بین ئەمریکا یان هێزێکی دەرەکی دەخالەت بکات، بەڵکوو لەپێش هەموو شتێکدا لە سەرەتاوە ئامادەبوونی نەتەوەکانی ئێران ئازادیخوازانی ئێرانە بۆ بەڕێوەبردنی خەبات، ئەوە لە سەرەتادا ئەولەوییەتی یەکەمە بۆ ئێمە، بەڵام ڕەنگە ئەوەی ئێوە ئیشارەتتان پێ کرد کاریگەریی هێزەکانی دەرەکی ئەو فەزایە بۆ ئێمە گونجاوتر بکات و بتوانین کەڵکی لێوەربگرین.

* پشتیوانی لەکام هەلومەرج دەکەن کە وڵاتێکی وەك ئەمریکا دەخاڵەتی تێدا بکات، بکەوێتە جەنگەوە لەگەڵیدا یان فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێوە پشتیوانی لە کامیان دەکەن؟

- ئێمە پشتیوانی لە لاوازبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین، پێمانوایە هەرچەند کۆماری ئیسلامیی ئێران لاوازتر بێت لە قازانجی ئازادیخوازانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کوردە، ئەو تەجروبەیەش هەیە کە تا ئێستا لانیکەم بەشێك لەو وڵاتانەی کە ئەمریکا دەستی تێوەرداوە حکومەتی ڕوخاندووە و دوایی بەجێیهێشتووە بۆ خۆیان، بەپێی لێهاتوویی خۆیان حکومەت و ئیدارەی خۆیان دەکەن.

*** ئەگەر قەرارێت ئەو هەلومەرجە بێتە پێشەوە و دەرفەتی خەباتی چەکداری بۆ ئێوە لەبار بێت، ئاڵوگۆڕێك ڕووبدات، تۆ ئامادەی سەرکردایەتی یەکێك لەو شەڕانە بکەیت یان هەر لە کۆیە، لە دوورەوە سەیردەکەیت؟**

- ڕاستییەکەی ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو زۆر موقابیلی پێشبینی نییە، بەڵام من باوەڕم بەوە نییە خەباتی چەکداری لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە بچێت، ئەگەر هێزێك بیەوێت خەباتی چەکداری بکات، دەبێت لە نێوخۆی وڵات بێت، دەنا دووراو دوور ئەو خەباتە ناکرێت، بەڵام ئەگەر فرسەت گونجاو بێت ئێمە دەیکەین، ئێمە وەکو حیزبی دێموکرات تەجروبەی شەڕی چەکداریمان هەیە، لە نێوخۆی وڵاتدا کردوومانە، لە شاخەکاندا کردوومانە، شەڕی پارتیزانیمان کردووە، تەنانەت شەڕی مونەزەمیشمان کردووە لەگەڵ حکومەت.

* من باسی جەنابتم کرد، ئامادەی بگەڕێیتەوە؟

- من ئامادەم، عەرزم کردیت ئەگەر هەلومەرج گونجاو بێت، ئامادەم لە ڕۆژی یەکەمدا بگەڕێمەوە.

*** بە بەراورد لەگەڵ حیزبەکانی باشووری کوردستان، تا ئاستێکی زۆر دوورن لە خەڵکەکەی خۆتان، کەچی کەمترین کێشەتان هەبوو بۆ چوونە ناو کۆنگرەی نەتەوەییەوە کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا چەند دانیشتنێکی سەرەتایی ئەو کۆنگرەیە بەڕێوەچوو، پێتانوایە ئەو تەباییەی**



**نێوانتان دەرئەنجامی چی بوو کە ئاوا بێ کێشە بەڕێوەچوو؟**

- ئێمە وەکو کوردی ڕۆژهەڵات، وەکو بەشەکانی دیکە بەداخەوە رابردوویەکی تاڵ و ناخۆش و پڕ لە گێرە و کێشەمان لەگەڵ خۆمان تەجروبە کردووە، لە شەڕی چەکداری دژی یەکتر و بگرە شکاندنی یەکتر و فەوتاندنی یەکتر، ئینشیعابات و دژایەتیکردن لەگەڵ یەکتر، هەموو ئەوانەمان تاقیکردووەتەوە، بە بۆچوونی من پێم وابێت هەموومان لە ئەسەری ئەو تەجروبانەدا گەیشتووینەتە ئەوەی کە ئێستا زەمانی ئەوە نەماوە، ئەگەر بمانەوێت کاریگەریمان لە داهاتووی ئێران، لە داهاتووی کوردستانی ئێراندا هەبێت و بە قازانجی نەتەوەکەمان بجوڵێینەوە وەکو لە پرسیاری پێشوودا باستکرد، لە دەرفەتەکان باش سوود وەربگرین، دەبێت ئەو سەردەمە بە تەواوی تێپەڕ بووبێت.

لە نەزەری ئێمەوە مەسەلەی شەڕکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان بە چەك و دژایەتیکردنی یەکتر، لانیکەم لە بۆچوونی ئێمەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تەواو بووە، بۆیە ئێمە بەپێی ئەو سیاسەت و بۆچوونەمان ماوەیەکی زۆرە دانوستان و دانیشتن و حورمەت دانان بۆ لایەنەکانی دیکەمان گرتووەتەبەر، بەو شێوەیە هەڵسوکەوتمان کردووە و توانیومانە فەزایەکی وا پێکبهێنین کە بتوانین لە دەوری یەك دانیشین لە جیاتی تەریقکردنەوەی یەکتر و بێبەریکردنی یەکتر، پێکەوە مەشوەرەت بکەین، تەنانەت ئێمە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەماندا کە پێنج شەش ساڵ لەمەوپێش لە حیزبی دێموکرات جیابوونەوە، لەگەڵ ئەوانیش فەسڵێکی نوێمان دەستپێکردووە، ساڵێکە لەگەڵیان لە دانوستاندایین لەو مەوزوعە سیاسییانەی کە لە بابەتی ئێران و کوردستان دێنە پێشەوە، پێکەوە مشاورە دەکەین، لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش هەر بەو شێوەیە. ئەوە توانیویەتی فەزایەکی وا پێکبهێنێت کە وەکوو خۆتان باستان کرد لە کۆنگرەی نەتەوەییدا کە بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژاردن کرا، نوێنەرەکان دیاری کران، پێکەوە هاوکاری دەکەین و ئەوەشمان مەبەست نییە هەر کەسە بۆ حیزبەکەی خۆمان چیمان دەستدەکەوێت، گرنگ ئەوەیە پێمانوایە کە ئەگەر ئەو کۆنگرەیە سەر بکەوێت، دەتوانێت زۆر ئامانجی بەرزی هەبێت و زۆر لە قازانج و بەرژەوەندی کورد دا بێت، بۆیە زۆرتر مەسەلەی نەتەوەیی لەبەرچاو دەگرین، ئەوە نەك هەر لە مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵکوو لە مەسەلەکانی دیکەشدا ئەوە هەبووە، مەسەلەن لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا، هەموومان مەبەستم لە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، پێکەوە راگەیاندنمان دەرکردووە، هەموومان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە پێکەوە داوا بکەین خەڵك دەنگ نەدەن، لە مەسائیلی دیکەشدا زۆر پێکەوە کار دەکەین.

*** بەڵام نەتانتوانی راگەیاندنێکی هاوبەش بڵاوبکەنەوە؟**

- راگەیاندنی هاوبەش هەموومان پێکەوە نا، بەڵام هەموومان یەك شتمان باسکرد، هەر لایەنە بەیانی خۆی، بەڵام یەك مەبەست بوو، ئەویش تەحریمی هەڵبژاردن بوو.

*** ئامادەن بەیەکەوە راگەیاندنێکی هاوبەش لەم ڕۆژانەدا بڵاوبکەنەوە، هەر پێنج هێزەکە هەر (سێ کۆمەڵە) و (دوو دێموکرات) سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی؟**

- ئێستا لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی پێکەوە ئیش دەکەین، پێکەوە هەڵبژاردنمان کرد.

*** مەبەستم لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشە لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟**

- ئەوە راگەیاندنی ناوێت، لەوێ لەگەڵ هەیئەتەکان دادەنیشین، ئێستا ئەو هەیئەتی ئامادەکارە کە دیاری کراوە بیست و یەك کەسە، هەیئەتی ئێمە پێنج کەسە، لەگەڵ ئەوان هەموو مەسەلەکان باس دەکەن، مەسەلەکانیشمان هاوبەشە.

*** پێتوانییە کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئێوە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەرکەوتنێکی نوێ بوو، میدیاکان گەرموگوڕییەکی زۆری دایەوە بە دەرکەوتنی ئێوە کە لە چەند ساڵی رابردوودا وا نەبوون، لە یەکەم دانیشتنی کۆبوونەوەکەشدا تۆ یەکێك بووی لەوانەی کە قسەی دڵی هەموویانت کردووە، مەبەستم ئەوەیە ئێوە هەست ناکەن کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئێوە دەرفەتێکی تازەی ڕەخساندووە؟**

- پێموابێت نەك هەر بۆ ئێمە، بۆ ڕێکخراوەکانی دیکە، بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکەش دەرفەتێکی نوێ بوو، ئەوەش بە بۆچوونی من خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە نزیکبوونەوەی هێزەکانی کورد لە هەموو بەشەکاندا بەتایبەتی کە دێتەپێشێ وەکوو کۆنگرەی نەتەوەیی، لە داهاتوودا کۆسپەکانی دەبێتە چی و چەند سەر دەکەوێت، چەند سەر ناکەوێت ئەو بەرژەوەندییە هەیە کە هێزەکانی کورد بەرجەستە دەکات و توانا و لێهاتووییان زۆرتر نیشان دەدات. بۆ ئێمەش وەك هێزەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێران ئەو دەرفەتە هاتە پێشێ کە ویست و داخوازییەکانی خۆمان نەزەرات و بۆچوونەکانی خۆمان چ لە میدیاکاندا چ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا بتوانین باس بکەین.

*** وەکو ئەوەی باس دەکرێ لە یەکەم دانیشتنی کۆنگرەی نەتەوەییدا بە بارزانیت وتووە، قسە لەسەر ئاشتی چی؟ کێ ئاشتی لە ئێمە وەردەگرێ؟ ئێمە پەیامێکمان پێیە، کێ لێمان وەردەگرێ؟ ئەوەشت وتووە دوو سکرتێر کە دوابەدوای یەك سکرتێری حیزبەکەت بوون، لە پێناوی ئاشتیدا تیرۆر کراون، ئەم پەیام و قسەکردنەت لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟**

- حیزبی دێموکرات بەو رابردووەی کە هەیەتی، بەو شانازییانەی کە هەمانە، من بەشبەحاڵی خۆم وەك حیزبی دێموکرات جێ پێی حیزبەکەم لەنێو خەڵکەکەی خۆمدا قایم دەبینم، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ئێمە دەرفەتی ئەوەی نییە خۆی نیشاندا، بەڵام من لەو پێوەندەدا گومانم نییە کە جێ پێی حیزبی دێموکرات لە ناو خەڵکەکەی خۆیدا قایمە، ویست و داخوازییەکانی ئێمە ویست و داخوازییەکی سەردەمییە، ئێمە لە سیاسەتەکانماندا لە ڕابردووەوە تا ئێستاش فێر بووین واقیعەتەکان زۆر لەبەرچاو بگرین، بۆیە نەك لە کۆنگرەیەکی ئاوا، زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەم بووە لە ئەمریکا، لە ئوورووپا لەگەڵ کەسایەتی زۆر گەورە لە پەرلەمانتاری پەرلەمانی بەریتانیا، هەر بەو هێز و باوەڕ بە حیزب و باوەڕ بەخۆبوونەوە قسەم کردووە، چونکە وەك عەرزم کردیت بیروبۆچوونەکانی ئەو سەردەمە و رابردوویەکی پڕ لە شانازیمان هەیە، خاڵی مەنفی ئاوامان نییە کە شەرمی لێبکەین، هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە لە فرسەتێکی گونجاودا کە چاوەڕوان دەکەم لەوانەیە زۆر درەنگیش نەبێت کوردی ئێران لە ناوچەکەدا جارێکی تر توانا و لێهاتوویی خۆیان پیشان بدەن، بۆیە ئەو قسانەی کردم لە کۆنگرە لە شوێنەکانی دیکە لەو هێز و توانایەوە بوو.

*** بارزانی وەڵامی چی بوو؟**

- بارزانی وەڵامی نەبوو، لە ڕاستیدا من گلەییەکم کرد کە لەو شتانەی باس کران لەوێ، چونکە ئیدارەی جەلەسەکە لەلایەن بارزانییەوە بە کاك عەدنان موفتی سپێردرابوو، ئەو هەندێك وەڵامی دامەوە، وەڵامەکەی ئەوە بوو لەسەر ئەوەی کە من گلەییم کرد، پێشتر دەبوایە پرس و جوو بکرایە لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکە، بەتایبەت لەگەڵ ئێمە باسکرا کە ئەو کۆنگرەیە بۆیە پێکهاتووە، هەر کەس نەزەری هەیە، قسەی هەیە، نەزەری خۆی دەدات کە لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چەکداریش لە بەیانییەی کۆنگرەدا ئەوە ئیسلاح کرا کە خەباتی هەر بەشێك بە لەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی حکومەتەکانی مەنتیقە بچێتە پێش، مەسەلەکە پەیامی ئاشتی بوو بۆ هەموو دەوڵەتەکان و نەتەوەکان، بەڵام کە من قسەم کرد ئەو ئیسڵاحییەتە پێکهات بە لەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی حکومەتەکان.

**ئەوەی کورد بەسەری هاتووە تا ئێستا ئەو نەگبەتی و دواکەوتوویەی کە هەمانە، ئەوانە بەشێکی هەرە زۆری موسەبیبەکەی خۆمان بووین کە نەمانتوانیوە یەکتری تەحەمول بکەین و دێموکرات نەبووین**

*** باسی ئەوەت کرد کە شانازی بە حیزبەکەم و مێژووی حیزبەکەمەوە دەکەم، هەست بەوە ناکەیت عەیبێك هەیە لە حیزبەکەی تۆدا، ئەویش ئەوەیە کە لە کۆبوونەوە و کۆنگرەیەکی ئاوادا دادەنیشن وا ناوتان دەبرێت مستەفا هیجری سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکرات، ئەمە بۆ ئێوە خاڵێکی زەعیف نییە؟**

- دەزانم خاڵێکی زەعیفە، نەك هەر بۆ ئێمە وەك دێموکرات، بەڵکوو بۆ هەموو لایەنەکانی کوردی ئێرانی، مەسەلەن بۆ کۆمەڵەکان کە ئەوانیش سەردەمێك هێزێکی بەرچاو بوون لە کوردستانی ئێراندا، بۆ هەموومان خاڵێکی لاوازە، بەڵام وەك عەرزم کردیت ئەوە دەورانێك بوو تەواو بووە، هیوادارم نەیەتەوە، هەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو خاڵە نێگەتیڤەیە کە ئێمە دەستمان کردووە بە دانوستان و پێکهێنانی فەزایەکی نوێ لەگەڵ کاك خالیدی عەزیزی، ئێستا زوو زوو پێکەوە دادەنیشین و هاتوچۆی یەکتر دەکەین و خەریکین بەرەو ئەوە دەچین کە ئێمە بتوانین لە داهاتوودا یەك بگرینەوە.

*** ئێوە بە ئیمانەوە دەڵێن کە هێزێکی جەماوەرین، ئەو دەستەواژەیەم لە هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیستووە، لە دێموکراتەکەی دیکە، لە کۆمەڵەکان، پێتوایە ئەگەر هەلومەرجێك بڕەخسێت لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، حیزبی دێموکرات لە پێشی پێشەوە دەبێت؟**

- بەڵێ من بەش بەحاڵی خۆم وا بیردەکەمەوە، لەوەدا هیچ گومانم نییە، ئەوەش تەنها بە گومان و لێکدانەوە نا، بەپێی تێکۆشانێك کە ئێمە لە ناوخۆی وڵاتدا هەمانە، بەپێی ئەندامانێك کە هەمانە، بەپێی ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ کەسایەتی و خەڵکی ناوخۆی کوردستاندا هەمانە، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە، واتە دروشم نییە، من جارێکی دی ئەوە دەڵێمەوە، ڕاستە ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی چەکداری درێژە نادەین، بەڵام ئەوە نەیتوانیوە لە خۆشەویستی حیزبی دێموکرات کەم بکاتەوە، بێجگە لەو خاڵەی لە سەرەتادا عەرزم کردیت ئیشارەی پێدەکەمەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت وەکوو سەرەتای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی بیر بکەینەوە، ئەوە دروست نییە، چونکە گۆڕان هەیە، گۆڕان لە ناوخۆی وڵاتدا، لەگەڵ خەڵکدا، فکر و بۆچوونی خەڵکەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەو پێوەندەدا خۆشەویستی حیزبی دێموکرات و جەماوەری بوونی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا بە نیسبەتی ئەوکات باشترە.

*** وتت ئەوەی کە من دەیڵێم ئێمە حیزبی یەکەمین ئەمە دروشم نییە، بەڵام فاکتێکیش نییە؟**

- ڕاستە ئەو دەمەش دەبێت دووبارە سندوقی دەنگدان هەبێت.

*** لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو بۆچوونانەی تۆ وادەرنەچوو، ئامادەی لایەنەکانی دیکە قبوڵ بکەیت کە براوەن، مەبەستم لە ئەنجامی هەڵبژاردنە وەك پرۆسەیەکی دێموکراتی؟**

- بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام ئەوەی کورد بەسەری هاتووە تا ئێستا ئەو نەگبەتی و دواکەوتوویەی کە هەمانە، ئەوانە بەشێکی هەرە زۆری موسەبیبەکەی خۆمان بووین کە نەمانتوانیوە یەکتری تەحەمول بکەین و دێموکرات نەبووین، فەقەت لە قسەدا باسی دێموکراسیمان کردووە، بۆیە پێموابێت چ کورد بەعام چ وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەگەر بمانەوێت نەتەوەکەمان پێش بکەوێت و بەراستی حیزب وەکوو وەسیلەیەك بێت لە خزمەتی خەڵکەکەی دا، دەبێ هەموو یاسایەکی دێموکراتی قبوڵ بکات، یەکێك لە یاساکانی دێموکراسی ئەوەیە کە تۆ لە هەڵبژاردندا دۆڕاندت، دەبێت دۆڕاندنت قبوڵ بێت، من نەك هەر لە کۆمەڵگای دوارۆژدا، بەڵکو لە حیزبەکەشمدا ئەگەر لە هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکدا هەست بەوە بکەم دۆڕاندوومە، زۆر بە حورمەتەوە جێگای خۆم دەدەم بە کەسێکی دیکە، هەر وەك لە ڕابردوودا ئەوەم کردووە، من سەردەمێك سکرتێری حیزبی دێموکرات بووم لە کۆنگرەیەکی دێموکراتیکدا کە باوەڕم پێی هەبوو، من دۆڕاندم، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بوو بە یەکەم، بە حورمەتەوە جێگای خۆم پێشکەشی کردووە، لەو ماوەیەشدا هەموو تێکۆشانی خۆم بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە خزمەتی حیزبەکەمدا بم، یەعنی ئەوە باوەڕی منە.

*** واتە تۆ وەکوو رابەری یەکێك لەو حیزبانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قەناعەتت بەوە نەماوە جارێکی کە دەست بدەنەوە شەڕی براکوژی کە پێشتر مێژوویەکی تاڵتان هەبووە لەگەڵیدا؟**

- من باوەڕم بەوەیە کە کورد هەر وەختێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی دەستی بۆ چەك بردووە هەڵەی کردووە، دوژمن قۆستویەتییەوە، بۆیە پێموابێت نابێت ئەوە دووبارm بێتەوە، بە بۆچوونی من کۆنگرەی نەتەوەیی کە هیوادارم بەو شکڵەی کە من دەمەوێت نەك شکڵێکی فۆڕمی جێبەجێ بێت، یەکێك لە کارەکانی دەبێت ئەوە بێت کە چاودێر بێت بەسەر هەڵسوکەوتی حیزبە سیاسییەکانی کورد دا، ئەگەر ڕۆژێك حیزبێك، گروپێك بیەوێت لە ڕێگای چەکدارییەوە قسەی خۆی بسەپێنێت، بەرگری لێبکات، حیزبی من دەبێت یەکێك لە پشتیوانانی ئەو سیاسەتە بێت.

*** وتت کۆنگرە وەکوو ئەوەی من دەمەوێت، تۆ دەتەوێت چی بێت، کۆنگرە چۆن بێت و چی بکات؟**

- من دەمەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی بە تەنها هەر دروشم نەبێت، وەك حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی ئەو کۆنگرەیە ببێتە کۆنگرەیەك و لەوێدا ببێتە ناوەندێکی بەهێز بۆ قسەکردن و ڕێگا نیشاندانی هەموو گێرە و کێشەکانی کورد بەتایبەتی ئەو بەشە لە کوردەکان کە حکومەتییان تێدا نییە و ناتوانن، مەرجەعێك نییە، دادگایەك نییە بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆیان بەرنە ئەوێ، دەمەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی ببێتە ئەو مەرجەعە، ئەگەر سبەینێ گروپێك بیەوێت بە هێزی چەك خۆی بسەپێنێت بەسەر خەڵکدا یان بەسەر لایەنێکی دیکەدا، ئەگەر حیزبێك بیەوێت لە ڕێبازی نەتەوەیی لا بدا، کۆنگرەی نەتەوەیی بتوانێت لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکات و بڕیار بدات و چارەسەری ئەو مەسەلانە بکات، بۆیە من ئاواتێکی زۆر گەورەم هەیە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کە هیوادارم ئەو کۆنگرە نەتەوەییە لەو چوارچێوەیەدا پێکبێت.

*** بێگومان ئاشتی، تەوەری سەرەکیی کۆنگرەی نەتەوەییە، دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستبەردار بوون لە خەباتی چەکداریی، هیچ سوودێکی دەبێت؟**

- ئێمە پێمانوایە هەر وەختێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران یان هەر حکومەتێکی دیکە بە جددی بیەوێت لەسەر ئازادی و دێموکراسی و مافەکانی نەتەوەی کورد دیالۆگ بکات، ئێمە دەبێت دیالۆگ بکەین، ئاشتی بکەین، لە ڕابردووشدا وامان کردووە. لەسەر مەسەلەی ئاشتی و پێکەوە دانیشتن، دوو سکرتێرمان لە دەستداوە. لە هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیشدا لەگەڵ هێزەکانی دیکەی خەبات لە کوردستاندا، هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردمان پێکهێنا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کەوتینە دانوستان، هەموو ئەو ڕێگایانەمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تاقیکردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە بە ئەنجام نەگەیشتووین، بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕێکی وای بەسەربێت کە بیەوێت لەگەڵ گەلی کورد وتوویژ بکات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکانی، ئێمە ئامادە دەبین.

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### شەڕی بێکۆتایی، ئازارکێشانی بێکۆتایی

ڕۆژنامەی "نیۆیۆرك تایمز" وتارێکی لەسەر پرسی سووریە و ئەگەری بڵاوبوونەوەی کارەساتباری ئێپیدمی فەلەجی منداڵان لەم هەلومەرجە شەڕلێدراوەی ئەو وڵاتە بڵاو کردووەتەوە کە لە لایەن دەستەی نووسەرانییەوە ئامادە کراوە. لە دوو پاراگرافی سەرەتای وتارەکەدا نووسراوە: "ئێپیدمی فەلەجی منداڵان بەو هەڕەشانە زیاد بکەن کە خەڵکی مەدەنی و بێتاوانی سووریە هەر ئێستا بە هۆی شەڕی نێوخۆیی ڕووبەڕووی بوونەتەوە. ئەوە بەشێك لەو شتەیە کە بڕپرسانی ئەمریکایی دەڵێن ڕەنگە ببێتە خراپترین کارەساتی مرۆیی لە جێنۆسایدەکەی رواندا لە ١٩٩٤ بەملاوە کە نزیك بە ٨٠٠ هەزار کەسی تێدا کوژرا. بەڵام لە کاتێکدا تراژێدییەکە لەبەرچاوی هەمووانە، زۆر وڵات، لەوانە رووسیە و چین بە زەحمەت یارمەتیی خۆیان بۆ دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانی سوورییەکان بە کەمپەینی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش کردووە.

خەڵکی مەدەنی لەو کاتەوە کە سەرکۆماری سووریە، بەشار ئەسەد لە هێزی سەربازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نارەزایەتییە ئاشتیخوازانەکان کە لە ٢٠١١دا دەستی پێکرد، کەڵکی وەرگرت و شەڕێکی بەتەواوی نێوخۆیی داگیرساند، تێچوویەکی زۆر تۆقێنەریان داوە. بەرپرسان ئێستا ژمارەی کوژراوەکان کە شەڕکەرەکانی هەر دوو لایش لەخۆ دەگرێ، بە ١١٥ هەزار کەس ناو دەبەن.

لەو سوورییانەی کە تا ئێستا لە شەڕدا زیندوو ماون، نزیك بە پێنج میلیۆنی لە نێو خودی وڵاتەکەیاندا ئاوارەن ـ لەو گەڕەکانەی کە لە لایەن نیزامییەکانەوە گەمارۆ دراون، گیریان کردووە یان لە ماڵەکانیان هەڵکەنراون و لە خانوو، قوتابخانە، مزگەوت و پارکە بێ ئیمکاناتەکان و لە خانووە قەربالغەکانی خزمەکانیان دەژین. زۆربەیان بە شێوەیەکی هیوابڕاوانە دەستیان بە خۆراك و دەرمان راناگات و ئەم بێ ئیمکاناتییە وێدەچێ لە زستاندا خراپتریش بێ. لە هەمان کاتدا، دوو میلیۆنی دیکەی سوورییەکان بۆ تورکیە، ئۆردۆن، لۆبنان، عێراق و میسر هەڵاتوون و ئەوەش بەو مانایە کە حەوت میلیۆن خەڵك یان نزیك بە یەك لەسەر سێی حەشیمەتی سووریە دەبینرێ کە ژیانیان بە هۆی شەڕەوە سەرەونخوون بووە."

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا، وێڕای ئاماژە بە ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ خەبات دژی فەلەجی منداڵان لە ناوچەکەدا، نووسراوە: "کارناسانی سڵامەتی گشتی گومانیان وایە کە ئەو جیهادییانەی کە بۆ پەیوەستبوون بە شەڕی دژی بەشار ئەسەد هاتوونەتە سووریە، لەوانەیە هەڵگری ڤیرووسی نەخۆشییەکە بووبن".

لە کۆتاییدا دەرەنجامگیری کراوە کە: "باشترین ڕێگەی یارمەتی بە سوورییەکان کۆتایهێنان بە شەڕەکەیە. باشترین ڕێگەی دواترکەمکردنەوەی ئەو ئازارانەیە بە هۆی دابینکردنی پێداویستییەکان و گوشارخستنە سەر هەردوو لایەنی شەڕەکەیە تا ڕێگە بە کارمەندانی یاریدەدەر بن کە کەرەستە پێویستەکان بگوازنەوە."

سەرچاوە:

Newyorktimes.com

# شەهید

قوبادی جەلیزادە

با داباریٚ بارانی ئاڵ،
تۆوی ئازادی پیٚ دەڕویٚن.
دەبا بڕژیٚ خویٚنی لاوان،
ڕۆژهەلآت ئاشنایە بە خویٚن.

گەر بتەویٚ خۆر داگری ،
دڕدەی بە تاریکی شەویٚ.
دەبیٚ ڕۆژانە بە خەندە،
لاویٚک بۆ تەناف سەرکەویٚ.

بۆ ڕۆژهەلات تازە نییە،
سینگ و گوللە و ، پەت و گەردن.
ریٚگای ئازادی دژوارە،
زۆر کوڕو کچی بۆ مردن.

دەرسی شەرەفمەندی دادا،
سەرۆک کۆمارەکەی ئیٚوە.
لاوان لە پیٚشەوا فیٚر بوون،
کە گیان بسپیٚرن بەپیٚوە.

ئ.د.ئازاد

## ( دژایەتی ))

خویٚنمان بە جۆیەک دا ناڕوا
دوورین لە یەک
وەکوو، بەفر و
گوڵە هیٚرۆ
عەرز و عاسمان
غەم و شادی!

ئەوان،
خەویان لە من دەویٚ
من ڕاپەڕین!
ئەوان،
تامەزرۆی بیٚدەنگین
من ئازادی!

## ( هەڵبژاردن ))

تۆم خۆش دەویٚ و
نیشتمانیش!
زۆر حەز دەکەم
لە نیشتمانی ئازاد دا،
بە یەک بگەین
وەک دڵداری گیانی گیانی!

بەڵام ئەگەر ؛
لە بەینی تۆ و
ئازادی نیشتمانم دا
سەر پشکم کەن ؛
دڵنیابە بە ئاسانی
لە بەر پیٚی بووکی ئازادی
دەت کەم،
بە قۆچی قوربانی!

## ( هەڵویٚست ))

دویٚنی درگام
لە چارە نووسیٚ کردەوە
کە پیٚم وابوو،
چارەنووسی
داسەپاوی ئەم خاکەیە!

ئەمرۆ، لە سەر
دەرگای کلۆم کردووم نووسی ؛
« هەزار لەعنەت
لە چارە نووسیٚ
وا دەستی
بیٚگانە بۆمی دەنووسیٚ »!

# دوو مینیماڵ لە ئارەش نەسیری

و: ناهید


### مرۆڤی باڵندە

لەسەر بەرزترین تەلاری شار، دانیشتبوو و سەیری ژیانی دەکرد کە سەت قات بچووکتر بەردەوام بوو. مرۆڤەکان وەکوو مێروولەکان و شەمەندەفەریش وەك مارێك لەسەر خاك دەخزین. چاوی بڕییە ئاسمان. ئەستێرەکان گەورەتر ببوونەوە و رووناکیی خۆر تیژتر ببووەوە. چاوەکانی نووقاند، باڵی کردەوە و خۆی بەردایەوە بۆ ئەوەی سەفەرەکەی بەرەو ژیان یان ئاسمان، لە دەستی چارەنووسدا بێت. کاتێك چاوی کردەوە، مرۆڤەکان گەورەتر دەبوونەوە، شەمەندەفەر لەسەر هێڵی ئاسنین دەخزی و ئەستێرەکان بچووکتر دەبوونەوە.

### هەموو شتێك گەورەتر دەبووەوە

گەشتبووە خاڵێکی قەیراناوی. ئەو شوێنەی کە بیستبووی کاتێك کەسێك دەیگاتیٚ، بە بیٚ دوودڵی خۆکووژی دەکات و ئەوها بوو کە چووبووە سەر بینایەکی بەرز. هەرکە خۆی گەیاندە لێواری سەربانەکە، سەری لەگێژەوەهات. هێندەی نەخایاند تا بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە کێشەکەی ئەوەندەش قەیراناوی نییە و خەریك بوو بڕیاری دەدا بگەڕێتەوە، بەڵام چیدی درەنگ بوو. لەو خوارەوە کۆمەڵێکی زۆر خەڵك کۆببوونەوە. چاوەڕوان بوون ئەو لەو سەرەوە خۆی هەڵدا. فیکەیان دەکرد و هانیان دەدا. تەنانەت یەکێکیش هەردوو باڵی کردبووەوە و بە هێما و ئیشارەت پێی نیشان دەدا کە دەتوانیٚ باڵ بگرێتەوە و بنیشێتەوە.

# بڵاوکراوەی نویٚ




"کورتەیەك لەسەر کارگێڕی (مودیرییەت)، ڕێبەری و ڕێکخستن" ناونیشانی کتێبێکە کە بەڕێز کاك کاوە بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نووسیویەتی و لە چاپخانەی کارۆخی سلێمانی لە چاپ دراوە.

کاك کاوە بەهرامی لە بەشێك لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەنووسیٚ: "بۆ ئێمەی کورد کە رابردووی خەبات و تێکۆشانمان بۆ رزگار بوون لە دەست چەوسانەوە و گەیشتن بە سیستمێکی دێموکراتیك بۆ ژیانێکی سەردەمیانە، کە بتوانیٚ لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی و نێونەتەوەییەکان خۆی بگونجێنیٚ، خاڵی بەهێزی لە چۆنیەتی خۆ ڕێکخستن، بەڕێوەبردن و ڕێبەری کردندا خۆی دەردەخات.".



# وێنەهەڵگریی فیلمی " نەبەز" دەستی پێکرد

درامی وەرگیراوی "نەبەز"بە دەرهێنەریی "ئانجلینا جولی" لە سەرەتاکانی مانگی ئۆکتۆبر دەستکرا بە وێنەهەڵگرتنی و ئەم رۆژانە چووەتە قوناغی وێنەهەڵگری سێکانسەکانی دەریا لە ئوستراليا.

نـــەبـــەز(unbroken) نوێترین فیلمی" جولی"یە کە پێشتر بڕیار بوو لە هاوایی هانالولو بچێتە پێش کامێرا لە دوای چاوپێکەوتنێکی "جولی" لە سیدنی ئوستراليا، وێنەهەڵگریەکە گوێزرایەوە بۆ ئەم وڵاتە.

نەبەز هەر وەکوو فیلمی پێشووی" ئانجلینا جولی"( نیشتمانی خوێن و هەنگوین) درامێکە لەمەڕ شەڕی جیهانیی دووهەم. ئەم فیلمە لە کتێبی "لارا هیلانبرند" وەرگیراوە و باس لە ژیانی قارەمانی شەڕ"لۆ زامپرینی" دەکا. "زامپرینی" قوتابیەکی خەڵکی لۆس ئانجلێس بوو کە لە ساڵی ١٩٣٦ لە ئۆلەمپیکی بێرلین لە بەرانبەر "جس ئونز"شکستی خوارد بەڵام دوای دۆڕاندنی پەیوەست دەبێ بە ئەرتەشی هێزی هەوایی و هاوکات لەگەڵ شەڕی جیهانیی دووهەم(١٩٤٣) فرۆکەکەی دەکەوێتە زەریای ئارامەوە. ئەو ٤٧ رۆژ بێ ئاو و خواردن و تێپەراندنی مەترسیگەلێك وەك هێرشی قرشەکان دەگاتە دوورگەیەکی ژاپۆنی و لەوێدا دوو ساڵ زیندانی دەکرێ و ئەشکنجەی زۆر دەکرێ."ماتیو باێر" ئامادەکاریی ئەم بەرهەمەی لە ئەستۆیە.

جولی " ئوکانل" ئەکتەری ئینگلیسی بۆ رۆڵ گێران لە رۆڵی یەکەم بۆ ئەم فیلمە بانگهێشت کردووە.

"نەبەز" بڕیارە هاوکات لەگەڵ کریسمەسی ٢٠١٤ بچێتە سەر پەردەکانی سینەما.

شایانی باسە ئانجلینا جولی جیا لە کاری ئەکتەری و دەرهێنەری، وەك یەکێك لە باڵوێزەکانی کۆمیسارییای باڵای رێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ پەنابەران، سەرقاڵی کاری مرۆڤدۆستانەیە و تاکوو ئێستا بە بەخێوکردنی سێ منداڵ توانیویەتی هەڵگرتنەوە و داهاتوویەکی باش بۆ ئەو منداڵانە مسۆگەر بکات.

# "١٠٠١ سێو" خەڵاتی باشترین فیلمی دێکۆمنتاری ساڵی ٢٠١٣ لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئاسیاتیکای وەرگرت

فیلمی "١٠٠١ سێو" خەڵاتی باشترین دێکۆمنتاری ساڵی ٢٠١٣ وەرگرت.

فیلمی بڵندی دێکۆمنتاری سینەمایی"١٠٠١سێو" لە دەرهێنەری تەها کەریمی خەڵاتی باشترین فیلمی دێکۆمنتاری ٢٠١٣ی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئاسیاتیکای وەرگرت. فێستیڤاڵی ئاسیاتیکا ساڵانە لە شاری رۆم پێتەختی ئیتالیا بەڕێوەدەچێ. ئەم فێستیڤاڵە رۆژەکانی ١٢ تا ٢٠ی ئۆکتۆبر بە بەشداریی کۆمەڵێك فیلم لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەڕێوەچوو. هەیئەتی هەڵسەنگاندن، خەڵاتی باشترین دێکۆمنتاری ساڵی ٢٠١٣ی بە هۆی گێڕانەوەی تراژدییەکی داستانی ئەنفال و کەڵك وەرگرتن لە زمانی سیمبۆلیك، بەخشیە فیلمی "هەزار و یەك سێو". ئەم فیلمە دوایین بەرهەمی هونەرمەند" تەها کەریمی" بوو و تاکوو ئێستا لە سێ فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی بەشداریی کردووە و توانیویەتی دوو خەڵاتی باشترین فیلمی دێکۆمنتاری بەدەست بێنێ. ماوەیەك لەمەوپێشیش لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك خەڵاتی باشترین فیلمی دێکۆمنتاری بەدەست هێنا. ناوی فیلمی بڵندی دیکۆمنتاریی سینەمایی "هەزار و یەك سێو" لە سێوێکەوە وەرگیراوە کە مێخەکرێژ کراوە و ئەم سێوە سیمبۆلی ئەوین و خۆشەویستییە و ئەم فیلمە دێکۆمنتاریە داستانی ١٠ کەسی رزگاربوو لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفالە. لە پرۆسەی ئەنفالدا ١٨٢٠٠٠کەس لە لایەن حیزبی بەعس لە گۆرە بە کۆمەڵەکانی بیابانەکانی عێراق زیندەبەچاڵ کران و تەنیا ١٣ کەس بە بریندارى رزگاریان بوو، سێ کەسیان مردوون و١٠ کەسیان هێشتا زیندوون و تەنیا شاهیدەکانی ئەم رووداوەن و شەش کەس لەمانە لەم فیلمەدا رۆڵ دەگێڕن.

هونەرمەندی لاوی بانەیی تەها کەریمی فیلمگەلێکی وەکوو "کوێستانی قەندیل، زریان، نەوت شێرپەنجەی شاری منە، خائینی سپی و... بەرهەم هێناوە.




# ئانیمیسم

ئانیمیسم لە ئەدەبیاتدا دەربڕی حاڵەتێکە کە لەوێدا دەڵێی شمەکەکان گیان وشعووریان هەیە. ئانیمیسم لە وشەی لاتینی anima وەرگیراوە کە بە واتای رۆحە و ئانیمیسم بەریانی رۆح لەبەر کردنی شمەکەکان و سروشتە.

ئەم شێوازە بۆ وێنە لە بەرهەمی "میلی یا نیشتمان" لە نووسینی لامارتین و یان لە بەرهەمی "زاری تاریکی" ویکتور هۆگۆ و " شێعرە زێرینەکان" لە نووسینی نروال بە جوانی دەبینرێت.

هەواڵ

## مێهرەجانی شێعری "بەڕۆژە" لە شاری بانە بەڕێوەچوو

لە شاری بانە مێهرەجانی شێعری "بەرۆژە" بە بەشداریی شاعیرانی کوردی کوردستانی ئێران لە بنکەی ئەدەبی بەڕۆژە بەڕێوەچوو.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ١٠٠ بەرهەمی شاعیرانی کورد بۆ مێهرەجانی شێعری بەڕۆژە نێردرابوو و لە کۆی گشتیی ئەو رێژەیە، بەرهەمی ٣٠ شاعیری کورد لەلایەن لیژنەی داوەرانەوە پەسەند کرابوو.

مێهرەجانی شێعری بەڕۆژەی بانە رێکەوتی ٩ی خەزەڵوەر لەلایەن بنکەی ئەدەبیی بەڕۆژەی شاری بانەوە بەڕێوەچوو.

لە کۆتاییدا بە سەر سەرکەتووانی بەشە جۆرواجۆرەکانی ئەم مێهرجانەدا خەڵات پێشکەش کرا.

## باشوور میوانداریی نیگارەکانی رۆژهەڵاتی کرد




پێشانگای نیگارەکانی خاتوو هوما ساڵحی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هۆڵی ناوەندی رۆشنبیری ئەندێشە رۆژانی ٧ تا ٩ی خەزەڵوەر لە شاری سلێمانی کرایەوە و دواتر لە رۆژانی ١٣ تا ١٦ی خەزەڵوەر لە هۆڵی میدیا . بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری، لە شاری هەولێر کرایەوە. شایانی باسە پێشانگای خاتوو هوما ساڵحی بەرەو رووی پێشوازییەکی گەرمی هونەرمەندانی باشووری کوردستان بووەوە




بێ دوان...

# بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی ئانادۆڵ



سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران مافەکانی کورد بسەلمێنێ ئامادەن لەگەڵی بکەونە گفتوگۆ بە ناوبژیوانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی.

هەولێر

ئێستا تەنیا حیزبەکانی کوردستانی ئێرانن کە ناتوانن راستەوخۆ لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتەکەیان لەنزیکەوە گفتوگۆ بکەن، بۆ ئەوە حیزبەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران تۆمەتبار دەکەن بە رەتکردنەوەی وتووێژ.

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری، کە بارەگای سەرەکیان لە شاری کۆیە ٥٥ کم لە باشووری رۆژهەڵاتی شار هەولێر دایە. لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ AA جەختیکردەوە کە کورد هەردەم ویستوویەتی لەگەڵ تاران گفتوگۆ بکات بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان، بەڵام بە قسەی ئەو کاربەدەستانی ئێران خوازیاری وتووێژ نین.

هیجری گوتی: "بۆ نەتەوەکانی دیکە بەتایبەتی کورد، حکوومەت بە چاوی ئەمنی سەیری خەڵك دەکات، کاتێ هاووڵاتییەك داوای ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خۆی بکات، خێرا تۆمەتی نۆکەری بێگانە و دژە نیزامی دەدەنە پاڵ، بەو هۆیەوە سەدان تێکۆشەر لەسێدارە دراون ئێستاش زۆرێکیان لە زیندانن، هەرئەوەش وایکردووە گەر دەرفەتێك بۆ گەنجانی کوردستانی ئێران هەڵکەوێ، دێنە باشووری کوردستان یان دەچنە وڵاتانی دەرەوە."

جیاوازیی کورد لە وڵاتی ئێراندا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ئەوەیە ئەوان ساڵانێکی زۆرە خاوەن حیزبی سیاسی و کاری رێکخراوەین لەبەرامبەر حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە. چالاکی و خەباتی سیاسی و چەکداریی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ دەستپێکرد.

هیجری لە بارەی رۆڵی کورد لە ئێران گوتی: "کوردی رۆژهەڵات پێگەیەکی بەهێزیان هەیە لە ئێران، نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش چاویان بڕیوەتە کورد هەر ئەوەش وایکردووە رژێمی کۆماری ئیسلامی سڵ لە ماف و داخوازییەکانی کورد بکاتەوە، ئێران ترسی هەیە ئەگەر قایل بوو ماف بداتە کورد نەتەوەکانی دیکە داوای مافی خۆیان بکەن، ئەوکاتە وڵاتەکە دەبێتە سەرچاوەی لێکترازانی جوگرافی."

ساڵی ٢٠٠٥ نەتەوەکانی کورد، عەرەب، ئازەری، بەلوچ، تورك، هاوپەیمانییەکیان بەست بەناوی نەتەوەکانی ئێران و داوای "ئێرانێکی فیدراڵ"یان کرد، لەپێناو ئەوەی هەموو نەتەوەکان لەناوچەکانی خۆیان دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبردنیان هەبێ.

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بارەوە دەڵێ: "کۆماری ئیسلامی بەفیدراڵی قایل نابێ و نایەوێ نەتەوەکان بە مافی خۆیان بگەن، خۆ ئەگەر فیدراڵی بێ هەماهەنگی نێوان نەتەوەکان زیاتر دەبێ وڵاتەکەش لەسەر ئاستی دنیا ئێرانێکی جیاواز دەبێ لەگەڵ ئەوەی ئێستا."

لە بارەی مافەکانی کورد لە کابینەی نوێی حەسەن رۆحانی، مستەفا هیجری گوتی: "رۆحانی پرۆژەیەکی گونجاو و لەباری پێ نییە بۆ کورد، هەوڵەکانی ئێران لەگەڵ رۆژئاوا و لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆمە و بۆ باشکردنی ژێرخانی ئابووریی وڵاتە ،ئەگینا ئێران بەرنامەی نییە ژیانی وڵاتەکەی باش بکات، تەنیا لەسێ مانگی رابردووی حوکمی رۆحانی دەیان کەس لەسێدارە دراون."

کوردەکانی ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە کەوتنە ناکۆکی قوڵ لەگەڵ رێبەرانی شۆڕش و ئینقلابی تازە سەرکەوتوو لە تاران، بەڵام گفتوگۆکان شکستیان دەهێنا، دوایین دیداری رەسمی و ئاشکرا ساڵی ١٩٨٩ بوو لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی ئێران کە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرۆکی حیزب بەشداریی تێدا کرد، لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا بوو. بەڵام لەو دیدارەدا قاسملوو و دوو کەس لەهاوڕێکانی تیرۆر کران، حیزبی دێموکرات کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە ئەنجامدانی ئەوکارە تاوانبار کرد.

مستەفا هیجری لەبارەی گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی رایگەیاند: بەردەوام هەوڵیانداوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دیدارو وتووێژیان هەبێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو دەستپێشخەرییانەی رەتکردووەتەوە.

هیجری گوتی: "ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشنیاری وتووێژ بکا، ئەوا کورد رازی دەبێ بەو شەرتەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی ناوبژیوانی بکات و مافی کورد بسەلمێنێ."

لە ئێران، بەگوێرەی ئامارە نا رەسمییەکان رێژەی کورد لەو وڵاتە دەگاتە ١٠ میلیۆن کەس. ساڵی ٢٠١١ ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی رۆژئاوا گەیشتوونەتەوە حەوت ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس.

لە درێژەی گفتوگۆکەی لەگەڵ AA، مستەفا هیجری باسی داهاتووی ئێران دەکات و گوتی: "حیزبی دێموکراتی کوردستان نزیکەی ٦٧ ساڵە بۆ ئازادیی نەتەوەی کورد خەبات دەکات، ئێستاش هەر بەردەوامین، پێمانوایە سەردەمی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەسەرچووە و لەگەڵ دۆخی ئێستا گونجاو نییە."

# راپۆرتێک کە وەهمی رەواندەوە

سەلام ئیسماعیل پوور

راپۆرتی نوێی ئەحمەد شەهید، راپۆرتنێری تایبەتیی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری ئێراندا ئاوڕێکی تازەی لە دۆخی مافی مرۆڤ بەتایبەتی لە سەردەمی پاش هاتنە سەرکاری حەسەن رووحانی بەملاوە داوەتەوە.

ئەحمەد شەهید هەڵاواردنی رەگەزی و پێشێلکردنی بەردەوامی مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خەڵك بە "تایبەتمەندیی دۆخی مافی مرۆڤ" لە ئێراندا دەزانێت. بەپێی راپۆرتەکەی ئەو، کۆماری ئیسلامی تا هەنووکە وەڵامی نامەکانی ئەو لەمەڕ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی نەداوەتەوە.

لە راپۆرتەکەدا باس لەوە دەکرێت کە یاساکانی رێژیم وەك یاسای چاپەمەنییەکان (پەسەندکراوی ١٣٦٧)، یاسای تاوانە کامپیوتێرییەکان (پەسەندکراوی ١٣٨٨) و یاسای تاوانە سایبرییەکان، مافەکانی خەڵك لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی دەربڕین، دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان و کۆبوونەوە بەپێی یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان، پێشێل دەکەن.

ئەم راپۆرتە دەڵێ: لە مانگی جوولای ٢٠١٣دا ٦٧ کافی نێت لە ئێراندا داخراون و نزیك بە ٥ میلیۆن وب سایت بلۆك کراون، هەروەها پێنوێنێك لە بلۆککرانی ٩٤٦ لاپەڕە لە ماڵپەڕی ویکی پێدیا خراوەتەڕوو.

تا کاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکە ٤٠ رۆژنامەوان و ٢٩ وێبلاگنووس لە زینداندا دەستبەسەر کراون. هەروەها باس لەوە دەکات کە شێوەی دادگاییکردن، دەرکردنی حوکمەکان و سزا سەپێنراوەکان لە ئێراندا لەگەڵ رێسا نێودەوڵەتییەکان و بەڵێنییەکانی رێژیمدا یەك ناگرنەوە. سەبارەت بە ئێعدامەکانیش دەڵێ: لە ژانویەی ٢٠١٢ تا ژووئەنی ئەمساڵ، ٧٢٤ حوکمی ئێعدام لە ئێراندا جێبەجێ کراون و تەنیا لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا (٢٠١٣) ٢٠٢ کەس ئێعدام کراون.

ئەحمەد شەهید داوای لە رێژیمی ئێران کردووە پێداچوونەوەیەك بە سەر حوکمەکانی ئێعدامدا بکات.

دوابەدوای ئەم داواکارییەش بوو کە شەپۆلی ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد و بلووچ لە ماوەی تەنیا رۆژێکدا ١٨ کەسی کردە قوربانی و پەڵەیەکی رەشی بە نێوچاوی رێژیم و کاربەدەستانی حکوومەتەوە بەجێهێشت.

نموونەیەکی دیکەی پێشێلکارییەکانی رێژیم کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، باسی "جۆرەکانی دیکەی سزا دژەمرۆیی و توندوتیژەکان لە کۆماری ئیسلامیدایە، بۆ نموونە قامچی لێدان، بڕین و دەرهێنانی ئەندامەکانی لەش، بەردباران و جۆرەکانی ئەشکەنجەن کە بەپێی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧ی کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتووەکان، بە پێشێلکردنی رێساکانی مافی مرۆڤ هاتۆتە ئەژمار.

لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوە ستەملێکراوەکاندا ئەحمەد شەهید باس لە گوشار بۆ سەر کەمینە ئێتنیکی و فەرهەنگییەکانی! وەك "عەرەبەکان، کوردەکان، بلووچەکان، ئازەرییەکان و پشتیوانانی مافەکانی ئەوان دەکات و هەروەها دەڵێ نزیك بە ٨٨٠ هەزار کەس لە کۆچبەرانی ئەفغانی ناونووس کراون، لە کاتێکدا کە دەوترێ تا میلیۆن و نیو یێك کۆچبەری نایاسایی ئەفغانی لە ئێراندا دەژین.

بارودۆخی عەرەبەکان لە ئەهواز، کوردەکان بەتایبەتی "کوشتنی کۆڵبەران" لە ناوچە سنوورییەکاندا، راپۆرتێك لە ئێعدامی ٦ پیاو و ٥ ژن لە زاهدان لە جوولای ئەمساڵدا بەشێکی دیکە لە نموونە باسکراوەکان لە راپۆرتەکەی ئەحمەد شەهیددان. هەروەها باس لە دەستبەسەربوونی ٢٠ مەسیحی لە جوولای ٢٠١٣ و ١٠٩ بەهایی لە مانگی مەی ئەمساڵدا و ١٤ دەروێشی گونابادی لە مانگی جوولای دەکات.

ئەحمەد شەهید ئاماژە بەوە دەکات کە "لێڕوانینی رێژەگەرانە"ی حکوومەتی ئێران بەرانبەر بە پرسی مافی مرۆڤ بۆتە هۆی هێندێك ئاستەنگی بەربڵاو لە بەرانبەر مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران بەتایبەتی لە نموونەکانی پێوەندیدار بە رەگەز، ئێتنێك، باوەڕکان، روانگە سیاسی، ئایینی و فەرهەنگییەکاندا.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە بەرپرسانی رێژیم بە باسکردن لەوەی کە چەمکەکانی مافی مرۆڤ دەبێ بەپێی هەلومەرجی خۆجێیی وڵاتان لەبەر چاو بگیرێن، ناکۆکیی یاساکان و کردەوەکانی خۆیان لەگەڵ رێسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بە هۆی باوەڕە ئایینییەکانەوە بە پاساوهەڵگر دەزانن.

بەگشتی راپۆرتی ئەم جارەی ئەحمەد شەهید، سەرەڕای ئەوەی کە پێش لەسێدارەدانی خەباتکارانی سیاسیی کورد و بلووچ پێشکەش کرابوو، دیسانیش لەخۆگری دۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەتایبەتی پاش هاتنەسەرکاری دەوڵەتێکدا بوو کە بە دروشمی بریقەداری "اعتدال" و دابینکردنی مافە مەدەنییەکان و چارەسەر کردنی پرسی هەڵاواردنی رەگەزی، ئایینی، نەتەوەیی و ... هاتبووە سەرکار، بەڵام یەکەم راپۆرتی ئەحمەد شەهید لە سەردەمی دەسەڵاتی رووحانیدا بە روونی دەری خست کە چاوەڕوانیی گۆڕان لە بنەما و پێکهاتە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، خەونێك بوو کە زۆر زوو وەهماوی بوونی بۆ هەمووان دەرکەوت.



# گەلۆ پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئامریکا ئاسایی دەبێتەوە؟

شەماڵ تەرغیبی

حەسەن رووحانی، سەرکۆماری رێژیم، لە سەفەری خۆی بۆ بەشداری لە دانیشتنی ساڵانەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرك چەندین جار پێداگریی لە سەر ئەوە کردەوە کە دەبێ قەیرانی ناوکیی ئێران کۆتایی پێ بێت. ئاخاوتن و هەڵوێستێك کە بە رای هەندێك لایەن، یەك لەوان سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل هەوڵێکی فریوکارانەیە لەمەڕ کڕینی کات و نەهێشتنی گەمارۆکان.

لە سەرەتای مانگی رەزبەری ئەمساڵدا بۆ یەکەمجار لە ماوەی ٣ دەیەی رابردوودا بە شێوەی فەرمی پێوەندییەك لە نێوان دوو سەرکۆماری ئێران و ئامریکا بەڕێوەچوو. پێوەندییەك کە لە بواری پڕۆپاگەندەکان لە نێوخۆی وڵات لەمەڕ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا و لابردنی تەحریمەکان و باشتربوونی دۆخی ئابووری وڵات، خۆش کرد. بەڵام ئایا سەهۆڵی پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵات وەها بە ئاسانی دەتوێتەوە؟ وەزیری دەرەوەی ئامریکا، جان کێری رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١ی خەزەڵوەر لە پێتەختی وڵاتی ئیتالیا و لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل جارێکی دیکە پێداگریی کردەوە کە زۆر پێویستە "کۆماری ئیسلامی" بە کردەوە ئاشتیخوازانە بوونی بەرنامە ناوکییەکانی بسەلمێنێ. لێدوانێك کە پێشتر لە رێکەوتی ١١ی رەزبەر لە پێتەختی ژاپۆن لە زاری جان کێرییەوە بیسترا. جان کێری لەوێدا وتبووی ئێمە دەبێ لەوە دڵنیا بین کە هەوڵەکانی تاران لە راستای لابردنی گومانەکان لە سەر بەرنامەی ناوکییەکەیەتی. چونکە ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە ئەمنییەتی جیهانییەوە هەیە. ئێران دەبێ بزانێت کە قسە جێگەی کردەوە ناگرێتەوە. هەر لە سەر ئەم ئەساسەش نابێ بەو زوانە چاوەڕێی کەمکردنەوە یان لابردنی گەمارۆکان بین. مەسەلەی سەرنج راکێش لەم بارەوە ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاخاوتنەکانی جان کێری و وادە و بەڵێنییەکانی تاران، سەرۆکی دەزگای ناوکی ئێران، عەلی ئەکبەر ساڵحی بە پرێس تی ڤیی راگەیاند کە کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێك پلانی نوێی بۆ پەرەدانی بەرنامەکانی خۆی هەیە، بە وتەی ساڵحی ئێران دەیهەوێ وەرزێکی ناوکیی نوێ لە کەنارەکانی کەنداو و دەریای خەزەردا ساز بکات. کۆی ئەم لێدوانانە دەرخەری راستییەکانی حاشاهەڵنەگرن. ئەویش نەبوونی متمانەیەکی پایدار لە نێوان دوو لایەندایە.

لە بیاڤی سیاسەتی نێونەتەوەییدا، پرسی "متمانەی بەردەوامی دوو لایەنە" یەکێك لە باسە سەرەکییەکانە. ئەسڵێك کە درووست بوونی لە نێوان لایەنی ئێران و رۆژئاوا بەتایبەت ئامریکا، پرسێکی پڕ زەحمەتە. وڵاتانی ١+٥ متمانە کردن بە وتە و وادەکانی لایەنی ئێرانیان وەك یەکێك لە پێش مەرجە سەرەکییەکان بۆ بەردەوام بوون و سەرکەوتن لە وتوویژەکان دیاری کردووە. بەڵام تا هەنووکەش ئەم ئەسڵە لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا نەهاتووەتە ئاراوە.

لە ئێراندا باڵی راستی توونددئاژۆ، نارازی لە هەر چەشنە وتوویژێك لەگەڵ ئامریکان و هەوڵدان بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان بە لادان لە هێڵە ئەسڵییەکانی رێژیم دەزانن. ئەحمەد خاتەمی بەرنوێژی کاتیی تاران لە رێوڕەسمی کۆتایی "کۆڕی نێونەتەوەیی غەدیر ناسی" لە جەهرۆم رایگەیاند، "نابێ خەڵکی ئێران تۆزقاڵێك لە رق و بێزاری خۆیان لە ئامریکا کەم بکەنەوە". ناوبراو بە شێوەیەکی زۆر نەشیاو پەلاماری رۆژئاوای دا و لە کۆتایی قسەکانیدا وتوویەتی پرسی سەرەکیی نێوان ئێران و رۆژئاوا پرسی ناوکی نیە بەڵکوو ئامانجی سەرەکیی لایەنی ئورووپایی و ئامریکایی خستنە رووی پرسی مافەکانی مرۆڤە لە ئێراندا. بە وتەی ناوبراو ئەگەر کێشەی ناوکی چارەسەر بکرێت، کێشەکانی مافی مرۆڤ دێتە ئاراوە. یان لە نموونەیەکی دیکە و لە چەند رۆژی رابردوودا بەشێکی بەرچاو بیلبۆرد تەبلیغی لە تاران هەڵواسران کە باس لە رووخێنەر بوونی وتوویژی نێوان ئێران و ئامریکا دەکات. ئەگەرچی هەندێك لە بەرپرسانی دەوڵەت ئەمە بە کردارێکی نەشیاو لە قەڵەم دەدەن بەڵام بۆچوونی زاڵ لە ئێستادا ئەوەیە کە ئەم جۆرە کردارانە بە شێوەیەکی زۆر بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجام دەدرێن، بەو واتایە کە لە لایەکەوە بە رواڵەتێکی دیکە و قسەی نەرم باس لە ئەنجامەکانی وتوویژ وەك ئەسڵێکی دێموکراتیك دەکەن و لە لایەکی دیکەوە، هەوڵ بۆ سەرنەگرتنی دەدەن.

لایەنێکی دیکەی کێشەی ئاماژە پێکراو بۆ نهێنی مانەوەی بەشێکی بەرچاو لە چالاکییە ناوکییەکانی ئێرانە. ئۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئێران لە ٢ ئاستی ٣\٥ و ٢٠٪ کە دەکرێ بە مەبەستی ساز کردنی بۆمبی ناوکی بە کار بێت و ئەمەش لە لایەن رۆژئاواوە بە مەترسییەك بۆ سەر ئاسایشی گشتیی جیهان بە ئەژمار دێت.

جونێل رۆبین، کارناسی کاروباری ئێران لە سندوقی پلوشیرز لەم بارەوە دەڵێ: ئێران زانیاریی پێویستی لەمەڕ بەرنامە ناوکییەکەی رادەستی ئاژانسی وزە و رۆژئاوا بەگشتی نەکردووە. بۆ نموونە ئێران سەرقاڵی دروست کردنی وزەگەلێکی تایبەت بە بەرهەم هێنانی پلۆتۆنیومە کە بۆ بەرهەم هێنانی چەکی ناوکی کەڵکی لێ وەردەگیردرێت. سەرجەم ئەو داتا و نموونە بەرچاوانەی کە ئاماژەیان پێکرا هاوکات لەگەڵ ئەسڵی دوژمن سازی کە هەر لە سەرەتاوە لە ناخی سیستمی ویلایەتی فەقیهدا هەبووە، کەش و دۆخێکی چێ کردووە کە ئەگەری ئاسایی بوونەوەی پێوەندیەکانی گەیاندووەتە لانی کەمی خۆی. بە وتەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەم هەوڵانە بە بێ ئاکام دەمێنێتەوە ئەویش بە چەند هۆکاری سەرەکی : ١- نەبوونی متمانەی سەقامگیری دوو لایەنە ٢- بوونی رابردوویەکی پڕ لە کێشە لە وتوویژەکان ٣- بە نهێنی مانەوەی لانی زۆری دامەزراوە و زانیارییە ناوکییەکان ٤- بوونی ئەسڵی دووژمن سازی لە ناخی سیستمی ویلایەت ٥- ترس لە هاتنە ئارای کێشەی نوێی وەك مافەکانی مرۆڤ لە پاش چارەسەر کردنی قەیرانی ئەتۆمی.

# نەتەوەی کورد نرخی ئازادی دەدات

چەکۆ ئەحمەدی



ڕەوتی گەیشتن بە هەر جۆرە ئامانجێك خوازیاری دانی تێچوویەکە بۆ زیاتر پتەو بوونی بنەماکانی ئەو دەستکەوتە، بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراوادا نرخی ئازادی گەلێك قورس و زۆرە کە زۆرتر بە رژانی خوێن و دانی تەمەن بیچم دەگرێ.

نەتەوەی کورد لە هەر شوێنێك ژیاوە، لەگەڵ دەسەڵاتدارانێك بەرەوڕوو بووە کە بە کوشت و بڕ وەڵامی داخوازییەکانی دراوەتەوە. لە وڵاتی ئێرانیش و بە درێژایی تەمەنی رێژیمی پاشایەتی و ئیسلامیی ئێران، بەردەوام هەوڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئاستی بەرزی مرۆیی و ئازادی، بە کردەوەی نامرۆڤانە و ئیعدام و ئەشکەنجە وەڵام دراوەتەوە و لەم قۆناغە نوێیەشدا کە رێژیم بانگەشەی کرانەوە و گۆڕانی سیاسەتەکانی چەندین ساڵە دەکات، دیسان داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە توندترین و دڕندەترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە. دەکرێ بڵێین کە بە ژمارەی رۆژەکانی تەمەنی دەوڵەتی نوێ تاکی ئازادیخواز گیانی لێ ئەستێندراوە و کراوەتە قوربانیی درێژە کێشانی تەمەنی پڕ لە شەرمەزاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

هەموو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن حیزب و رێکخراو و چالاکانی مەدەنیی مافەکانی مرۆڤەوە ئاگادار کراونەتەوە کە شەپۆلێکی بەرینی رەشەکوژی لە ئێراندا دەستی پێکردووە و بێ بەزەییانە رۆڵەی نەتەوەکانی ئێران لە سێدارە دەدرێن. بەڵام بەداخەوە هیچ هەنگاوێکی کاریگەر لە لایەن ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەوە بۆ پێشگرتن بەو دڕندەییە هەڵنەهاتووەتەوە و ئەمەش لە لای مرۆڤدۆستان و تاکە ئازادیخوازەکانەوە ئەم پرسیارەی دروست کردووە کە گەلۆ گیانی مرۆڤ لە ئێران و پرسەکانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتە دیسان دەبێتە قوربانیی سات و سەودای نێو دەوڵەتی و پرۆسەی ناوکی لە ئێراندا؟

لەگەڵ دەسپێکی وەرزی خویندن و فێر بوونی زانستدا، شەپۆلێکی بەرینی لە سێدارەدانیش دەستی پێکردووە و رۆژە ڕەشەکانی هاوینی ٦٧ وەبیر دێنێتەوە و ترسی ئەوەی کە پرۆسەی بەتاڵ کردنەوەی بەندیخانەکان بە شێوەی لە سێدارەدان دیسان بەڕێوەبچێ و ڕەشەکوژییەکان زیاتر پەرە بسێنێ. لە سەرەتای ئەم مانگەوە ئەم شەپۆلە دەستی پێکردووەتەوە کە بە پێی ئامارە نافەرمییەکان نزیك بە ٥٥ کەس ئیعدام کراون کە رێژەیەکی بەرچاوی ئەو تاکانە کوردن. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لانیکەم لەسەر ئەم پرسە هاوڕان کە تاوانی سەرەکیی ئەم لە سێدارەدراوانە تەنیا ئازادیخوازی و نەتەوەیی بوونیانە کە ئەم تاوانەش لە لای رێژیمی ئێران بە واتای شەڕ لەگەڵ خودایە کە ئاکامی لە سێدارەدانە.

ئێستا پرسی گرنگ ئەوەیە کە کۆمەڵێکی زۆری دیکە لە تاکەکانی نەتەوەکەمان بڕیاری لەسێدارەدرانیان بە سەردا سەپاوە و مەترسیی ئەوە لە گۆڕێدایە کە لەگەڵ کوژران بەرەوڕوو ببنەوە. شوێنی چەند کەسیان ناڕوونە و دەگوترێ راگوێزراون بۆ ژووری تاکەکەسی کە لە بێدەنگی‌دا لەسێدارە بدرێن. بۆیە تاکەکانی کورد لە هەموو شوێنێکی دونیا بە رێکخستنی کەمپەین و رێپێوان ئەو بێدەنگییەیان شکاندووە و بوونەتە گەرووی خنکێندراوی بەندکراوانی سیاسی و هەوڵەکان بۆ رزگار کردنیان بەردەوامە.

هەموو ئەو ئێعدام و بەندکران و ئەشکەنجانە سەلمێنەری ئەو راستییەن کە شەهیدی نەمرمان دوکتوور قاسملوو زۆر بە روونی دەیزانی کە نرخی ئازادی رەنگە قورس و دڵتەزێن بێت. واتە (گەلێك ئازادی بووێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات). بەڵام دەبێ ئەو دانی تێچوویە چی دیکە بە دانی خوێن و گیانی لاوانی کورد نەبێت و هەوڵەکان بۆ یەکڕیزی و گەیشتن بە ئامانج واتە ئازادی و رزگاریی نەتەوەیی چڕ بکەینەوە و کۆتایی بە هەموو ئەو دڕندەییانەی بەرامبەرمان دەکرێ، بێنین.

## جووت حەوت

### هەوراز

ـ دوا بە دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی ئەحمەد شەهید، موحەممەد حەسەن قەدیری ئەبیانە، باڵوێزی پێشووی ئێران لە میکزیك گوتی: "ئەحمەد شەهید مۆرەیەکی خۆفرۆشە کە لە رێگای نۆکەریی رۆژئاواوە، بژێوی ژیانی دابین دەکات!!!" لەوانەیە مەبەست ئەوە بێت کە دەبێ ئەلبەرادعی و جەك ئیستراو بکاتە ئولگووی خۆی. بەو پێیە، لەوانەشە چاوەڕوانییان ئەوە بێت کە وەکوو حاجی بەشار، لە رێگەی نۆکەریی رۆژهەڵاتەوە بژێوی ژیانی دابین بکات، نەك رۆژئاوا. هیچ نەبێ بە پێی شەرع، گەنمی رووسیە لە کیسەڵی ئاتلانتیك حەڵاڵترە.

ئەبیانە هەروەها لە درێژەدا دەڵێ: "گەمارۆکانی رۆژئاوا دژ بە ئێران تاوانێکی گەورەیە دژ بە مرۆڤایەتی". بۆ نموونە، یەکێك لە گەمارۆکانیش کە زۆر تاوانێکی گەورەیە، پێشگرتن لە فرۆشتنی سەفحەی سووتەمەنیی ئۆرانیۆمی ٢٠٪ بە کۆماری ئیسلامییە کە بە وتەی بەرێزیان پەکی هەموو دەرمانخانەکانی ئێرانی خستووە.

ئای ئەمریکای جەنایەتکار! چۆن بە خۆت ئیجازەت داوە بە قەدەغەکردنی فرۆشتنی مووشەك و بۆمبهاوێژ و ئۆرانیۆم بە ئێران، خەڵکی هەژاری ئێران لە برسان بکوژی؟ تۆ نازانی ئێمە ئەگەر لەگەڵ بێ‌نانیشدا هەڵ بکەین، هەرگیز ناتوانین گۆشتی مریشك بەبێ ئۆرانیۆم بخۆین؟ نازانی ئەگەر فیشەکێك لە نێو پارووی چێشتەکەماندا نەبێ، بە هەزار لێوان ئاویش پێمان قووت نادرێ؟

شێخ وەنەوشە رووحانی، ناسراو بە حەسەن فەرەیدوون دەڵێ: "ماوەیەك لەمەوپێش، وەزیرێکی پێشوو پێی گوتم پووڵی نەبووە، چووە لە شێخێکی ئیماراتی قەرزی کردووە. من زۆر گریاوم کە بۆ دەبێ وەڵاتی ئێمە وای لێ بێت کە وەزیرێکی ئێمە بروات لە شێخێکی ئیماراتی بپارێتەوە کە چوار قران پارەمان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات پێ بدات".

پێشنیارمان بۆ فری وەنەوشە ئەوەیە کە لە جیاتی شێخی ئیماراتی، بڕۆن لە بەشار و نەسروڵڵا بپارێنەوە قەرزیان پێ بدەن، دەڵێن بەشار و ئاشێخ حەسەن پارەی چاکیان هەیە. ئەرێ بابا! هەرچی نەبێ ئەوان کەوگیر بەدەستەکانی مەنجەڵی ویلایەتی فەقیهن. دروستە کە ئێران وڵاتێکی هەژارە، بەڵام تا پشتی بە وڵاتانی سەنعەتیی پێشکەوتووی وەك سووریە و لوبنان و کۆریای باکوور گەرمە، خەمی پارە و نان و ئاوتان نەبێت، خوا پەکی بەڕووی نەخست، کڵاوی بۆ کرد، پەکی ئێوەش ناخات.

ـ بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی کارناسیی کۆریای باکوور، خەڵکی ئەو وڵاتە زیاتر لە هەموو وڵاتان، هەست بە خۆشبەختی دەکەن، لەم ریزبەندییەدا خەڵکی وڵاتانی چین، کووبا و ئێران لە پلەی دووەم تا چوارەمدان. هەروەها خەڵکی ئەمریکا لە پلەی ٢٠٣ واتە دوایین پلەدان، واتە بەدبەختترین خەڵکی جیهانن. ئا لێرەیە کە پێوەندیی نێوان عیلم و دۆشاو هەستی پێ دەکرێت.

سەرنجراکێش ئەوەیە کە ناوی خەڵکی سوومالییان لە بیر چۆتەوە کە شان لە شانی ئێران و کۆریای باکوور دەدات لە پێشکەوتن و بەختەوەری و خۆشبژێویدا.

# سەلەفییەتی جیهادی جیهانی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئیسلامخوازەکانی کوردستان

موختار هوشمەند

سەلەفییەتی جیهادی ئەو بیروباوەڕەیە کە توانیویەتی لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا ئۆرگانیزاسیۆنێکی بەهێز و بەربڵاو وەربگرێت و لە شکڵی ڕێکخراوەی جیهانیدا سنووری هەرێمی و لۆکاڵەکان ببەزێنێت و بە بیلادی ئیسلامیدا بڵاو بێتەوە و تەنانەت توانیویەتی پەلوپۆ بهاوێژێ بۆ هەرێم و ناوچەکانی دیکەش. هەنووکە ڕێکخراوێکی وەك ئەلقاعیدە کە بە گەورەترین ڕێکخراوی سەلەفی جیهادیی دنیا ئەژمار دەکرێت، لە ٧٠ وڵاتدا خاوەن لق و تەشکیلاتە و تاکوو ئێستاش لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا دەستی داوەتە جیهاد و چالاکیی جۆراوجۆری سەربازی و تیرۆریستییان تێدا بەڕێوە بردووە. لە ماوەی یەك دەیەی رابردوو کار و چالاکییەکانی ئەم گرووپە و سەرجەم بزووتنەوەی سەلەفییەتی جیهادی بەردەوام لەژێر کاریگەریی ڕووداوە هەرێمی و جیهانییەکاندا، بەرز و نزمیی بەخۆوە بینیوە و تووشی شکست و دابەزینی گەورە و جیددی هاتووە و دیسان هەستاوەتەوە و گەشەی کردووە. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوە کە بیروباوەڕێکی لەم چەشنە لەگەڵ ئەو هەموو دوژمن و نەیارەدا کە هەیەتی گەلێ هۆگر و لایەنگریشی هەیە و تەنانەت هەندێ هێز و دەسەڵاتی ناوچەیی و جیهانییش بوونی ئەوانیان پێ باشە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سوودیان لێوەردەگرن. ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستیی ١١ی سپتامبری ئەمریکا کە تاکوو ئێستاش بە جیددیترین چالاکیی لایەنێکی دژبەر دژی ئەمریکا لە نێوخۆی ئەم وڵاتەدا دادەنرێت، ڕووخانی ئیمارەتی تاڵەبان کە هاوکات بوو لەگەڵ کوژرانی سەدان موجاهد و سەرکردەی ئەلقاعیدە و دەرکرانی ئەم گرووپە لە ئەفغانستان، ڕووخانی ئیمارەتی بیارەی ئەنسارولئیسلام، دەستپێکرانی جیهادی عێراق و خۆ ڕێکخستنەوەی ئەلقاعیدە و ئەنسارولئیسلام، کوژرانی ئوسامە بن لادەن و بەهێزتر بوونی ئەلقاعیدە پاش ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی، سەرەکیترینی ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەن کە کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر بزاڤی سەلەفییەتی جیهادی و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە داناوە. بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا ئاماژەی پێدەکرێ و تاوتوێ دەکرێ، کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایییانەی وڵاتانی عەرەبییە لەسەر سەلەفییەتی جیهادی و هەروەها کاریگەریی سەلەفییەتی جیهادی جیهانییە لەسەر سەلەفییەتی جیهادی کوردی.

ئەلقاعیدە پاش وەشاندنی گورزی ١١ی سپتامبر لە ئەمریکا تووشی جۆرێك لەخۆبایی بوون هاتبوو و پێی وابوو بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەستدرێژیی ئەم هێزە گەورە جیهانییە بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هێناوە. ئۆسامە بن لادەن پێی وابوو ئەمریکاییەکان ترسنۆکن و ئەگەر شەڕەکە ببەیتە ناو ماڵی ئەوانەوە ئیتر دەست لەسەر موسوڵمانان هەڵدەگرن و هێزەکانی خۆیان لە ناوچەکە دەکشێننەوە و ئەمەش ڕێگا بۆ لەشکرکێشی سوپای موسوڵمانان واتە هێزی هاوبەشی ئەلقاعیدە و تاڵەبان بۆسەر وڵاتانی دیکەی ئیسلامی خۆش دەکات تاکوو بتوانن لە داهاتوودا ئیمپراتورییەکی گەورەی ئیسلامی دابمەزرێنن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی بن لادەن لەناو خودی ئەلقاعیدەدا گەلێك دژبەری هەبوو و بەشێك لە سەرکردەکانی قاعیدە پێچەوانەی ئەمە بیریان دەکردەوە. هەرچەند ١١ی سێپتامبر بۆ ماوەیەکی کاتیی گوڕ و تینێکی زۆری بەخشییە سەرجەم ئیسلامخوازەکانی دنیا بەڵام چەند مانگ دواتر ڕووخانی ئیمارەتی تاڵەبان بە هەمان ئاست و بگرە زیاتریش بەرەی ئیسلامخوازیی تووشی نائومێدی و بێ هیوایی کرد. هەروەها ڕووخانی ئیمارەتی ئیسلامیی بیارەش لە کاتێکدا کە هێشتا ئەلقاعیدە بە قۆناغێکی قەیراناوی و ئاڵۆزدا تێدەپەڕی، ئەوەندەی دیکە لایەنگرانی سەلەفییەتی جیهادیی تووشی دڵساردی کرد. ئیسلامخوازەکانی کوردستان بەردەوام بەشێك بوون لەو هێزەی کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم ئاڵوگۆڕانەوە و لەکاتی سەرکەوتنەکاندا گوڕ و تینیان گرتووە و بە پێچەوانەشەوە لەکاتی شکست و پاشەکشەکاندا بێ هیوا و نائومێد بوون. بەڵام بێگومان کاریگەریی سەرکەوتنەکان لەسەر ئەوان زیاتر بووە. بۆ نموونە بەو ئاستەی دامەزرانی ئیمارەتی بیارە کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر ئەوان داناوە، ڕووخانی ئەم ئیمارەتە کاریگەر نیگەتڤی لەسەریان دانەناوە.

تەنیا چەند مانگ پاش هێرشی ئەمەریکا بۆسەر عێراق و ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حسێن، بەرەی ئیسلامخواز و سەلەفییەتی جیهادی دەرفەتی خۆڕێکخستنەوەی لە هەلومەرجێکی نوێدا بۆ ڕەخسا و زۆر بە خێرایی هەوڵێکی چڕ و پڕی جیهادی لە عێراقدا دەستپێکرد کە بووە هۆی دووبارە گوڕ و تین گرتنەوەی ڕێکخراوە جیهادییەکانی ئەلقاعیدە و ئەنسارولئیسلام و ئەمەش بۆجارێکی دیکە کاریگەریی لەسەر ئیسلامخوازە جیهادییەکان دانا. بۆ نموونە لەژێر کاریگەریی جیهادی عێراقدا بۆ جارێکی دیکە جیهادی ئەفغانستان دەستی پێکردەوە، لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لق و ڕێکخستنەکانی سەر بە ئەلقاعیدە وزەیەکی زیاتریان گرت و کەوتنەوە ڕەوانەکردنی موجاهید بۆ بەرەکانی جیهاد، لە کوردستانیش لایەنگرانی ئەم ڕەوتە هەستیان بە بووژانەوە کرد و بە کردەوەش لە لایەك ڕێکخستنەکانی خۆیان بەهێزتر کرد و لە لایەکی دیکەشەوە لە جیهادی عێراقدا بەشدارییان کرد. سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاکانی دەستپێکرانی جیهادی عێراقدا یەکەم گرووپی سەلەفی جیهادییان دامەزراند و لە پاڵ ئەو هەوڵە چڕوپڕە تەبلیغییەدا کە دەستیان پێکردبوو، کەوتنە ناردنی موجاهید و خۆبەخش بۆ بەرەکانی جیهادی عێراق و ئەفغانستان و ئەم حاڵەتە لە چەندساڵی رابردوودا بەردەوام بووە و بە دەیان گەنجی سەلەفیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە عێراق و پاکستان و ئەفغانستان و سووریادا گیانیان لە دەست داوە. هاوکات لەگەل ئەمەشدا سەلەفییەت هەم وەکوو بیروباوەڕ و هەمیش لە شکڵی ڕێکخراو و ڕێکخستندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێزتر بووە و زیاتر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ڕەوتی ئیسلامخوازیی جیهانییەوە و پێوەندییەکانیشی لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا بەهێزتر بووە.

بێگومان کەمڕەنگبوونەوەی جیهادی عێراق خەریکبوو کاریگەریی خراپ لەسەر بزاڤی سەلەفییەتی جیهادی دابنێت و هەرچەند ئەم بزاڤە بە گشتی بەتایبەت ئەلقاعیدە توانیبووی هاوکات لەگەڵ جیهادی عێراقدا بەرەی جهادی ئەفغانستان بەهێزتر بکات و چەندین بەرەی دیکەی جیهادییش لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقاییدا بکاتەوە بەڵام کەمڕەنگبوونەوەی جیهادی عێراق و شکستهێنانی بەرنامەکانی ئەلقاعیدە و سەلەفییەتی جیهادی لەم وڵاتە، بۆ جارێکی دیکە کاریگەریی خراپی لەسەر سەرجەم بەرەی جیهادی دانا و سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی تووشی گومان و دوودڵی کردەوە و ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە هەندێ ناکۆکی جیدیی نێوخۆیی ڕێکخستنەکانی سەلەفییەتی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگرتبوو.

بۆیە لەو سەروبەندەدا بە دەستپێکرانی شۆڕش لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقایی جارێکی دیکە مەیدان بۆ سەلەفییەتی جیهادی ئاوەڵا بۆوە و ئەوان توانییان لە هەرکام لەم شۆڕشانە بەجۆریك کەڵك وەرگرن و خۆیانی پێ بەهێز بکەن. هەرچەند هیچکام لەم شۆڕشانە نەبوونە هۆی بەدەسەڵات گەیشتنی سەلەفییەکان و دروستبوونی ئیمارەت و خیلافەتی ئیسلامی، بەڵام سەلەفییەتی جیهادی بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە بەتایبەت ڕێکخراوی ئەلقاعیدە سوودی خۆی لەم شۆڕشانە وەرگرت. بۆ نموونە ئەوان جگە لە بەهێزکردنی ڕێکخستنەکانی خۆیان لەم وڵاتانەدا، توانییان بەو چەك و چۆڵە زۆرەی لە شۆڕشی لیبیادا بەدەستیان هێنابوو، هەموو بەرەکانی جیهادی ئەفریقا بەهێز بکەن. پاشان ئەوان توانییان دەست بەسەر شۆڕشی سووریادا بگرن و لەو هەلومەرجە لەبارەدا کە هاتبووە ئاراوە، بەرەیەکی بەهێزی جیهادی هەم بە مەبەستی ڕووخاندنی بەشار ئەسەد و هەمیش بە مەبەستی دابەزاندنی شەریعەت و دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی لە (بیلادی شام) بکەنەوە کە ئێستا ئەم بەرەیە لە بەهێزترین حاڵەتی خۆیدایە، بەجۆرێك کە هەم ناوچەیەکی پان و بەرینی جوگرافییایی بەدەستەوەیە و هەمیش ئەزموونی جۆرێك شەڕی کلاسیك کردووە کە پێشتر نەیکردبوو.

بەگشتی دەتوانین بڵێین ئێستا سەلەفییەتی جیهادی لە بەهێزترین حاڵەتی خۆیدایە و جگە لەو دەسەڵات و سەرکەوتنانەی لە سووریادا بەدەستی هێناوە لە بەرەکانی دیکەشدا گوڕ و تینی زیاتری بەخۆیەوە گرتووە. لە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ڕێژەی چالاکییەکانی بەرەو زیادبوونەوە دەڕوات، جیهادی ئەفغانستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی شەریعەت بۆ ئەم وڵاتە بەردەوامە، ئەلقاعیدەی یەمەن دیسان خۆی ڕێکخستوەتەوە هەندێ ناوچەی دیکەی کۆنترۆڵ کردووە، لە مێسر و تونس و لیبی ڕێکخستنەکانی ئەلقاعیدە خۆیان بەهێزتر کردووە، ئەلشەباب و بووکوو حەرام چالاکییەکانی خۆیان پەرە پێداوە و بەگشتی سەلەفییەتی جیهادی خەریکی پیشاندان و نمایشکردنی هێز و تواناکانی خۆیەتی لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە حوزووری هەیە. بۆیە ئاساییە سەلەفییەکانی کوردستانیش لە ئاوەها حاڵەتێکدا بە تایبەت لە کاتێکدا کە هیچ لەمپەرێك لە بەردەم خۆیاندا نابینن، هەوڵە تەبلیغییەکانی خۆیان چڕ و پڕتر بکەنەوە و زیاترین موجاهید ڕەوانەی بەرەکانی جیهاد بکەن و لە بۆنەیەکی ئایینی وەکوو جەژنی قورباندا لە شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سواری ماشین و مۆتۆر بێنە سەر شەقامەکان و مانۆڕ بدەن. وەك هێمای پێکرا هەموو ئەمانە پێوەندییان بەو سەرکەوتنانەوە هەیە کە بزاڤی سەلەفییەتی جیهادی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی‌دا بەدەستی هێناوە و بەردەوامبوون و مانەوەشیان بەستراوەتەوە بەو هاوکێشانەوە کە ڕەنگە لە داهاتوودا بێنە ئاراوە. بۆ نموونە شکستی ئەلقاعیدە لە سووریە ئەتوانێ کاریگەریی خراپ لەسەر سەرجەم بزاڤی سەلەفییەتی جیهادی لە ناوچەکە و لە ئاستی جیهانییدا دابنێت و بەرەو لاوازیی ببات و بێگومان پێچەوانەی ئەمەش کاریگەری پێچەوانەی دەبێت.

# ١٠٠ ساڵەی یەکەمین قوتابخانەی کوردی

ڕاپۆرت: باران

ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ئەمساڵ، بەرامبەر بە ٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣، سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەمین قوتابخانەی کوردی تێپەڕی. ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لەو ڕۆژەدا شاری خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەتی یەکێك لە مەزنترین ڕووداوەکانی مێژووی نەتەوەی کورد بوو، ڕووداوێك کە بەڕێز موحەممەد ساڵح قاردی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژی تایبەت بە ڕۆژنامەی "کوردستان" بە "هەنگاوێکی مەزن و جێی بایەخ لە پێناو سەرەکیترین پێناسەی نەتەوەیی، واتە زمانی کوردی" لەقەڵەم دەدا. دامەزرێنەری قوتابخانەکە، سمکۆی شکاك، جڵەوداری ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نزیك بە سێ دەیەی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو، واتە قۆناخێکی تایبەت لە مێژوو کە چارەنووسی کوردی بە درێژایی سەرەتای سەدەی بیستەم دیاری کرد. بەڕێز قادری لەو بڕوادایە کە سمکۆی شکاك "بە پێی خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە لەو قۆناغە مێژووییە بوو کە دامەزراندنی قوتابخانەی کوردیی بە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر زانی و پێی وابوو کە لەو هەلومەرجەدا کە شۆڕشی مەشرووتە لە تاران لە گۆڕێدا بوو و ڕووسیەی تێزاری و ئیمپراتوریی عوسمانی لە بەرەبەری داڕماندا بوون و ناسیۆنالیزمی فارس و ناسیۆنالیزمی تورکە لاوەکان سەریانهەڵدابوو، پێویست بوو کە کوردیش دەسەڵاتی خۆی دامەزرێنێ کە لایەنی فەرهەنگی و فیکری بزووتنەوەکە لە لای سمکۆ بەردی بناغەی بوو". قوتابخانەکە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبر دامەزرا و ڕۆژی ٢٧ی ئۆکتۆبر لە ڕێوڕەسمێکی فەرمیدا کە سەمبۆلە نەتەوەییەکانی تێیدا بەرجەستە کرابوو، دەستی بەکار کرد. مامۆستاکان کوردی ئیرەوان بوون، ژمارەی قوتابییەکانی بەپێی هەندێ سەرچاوە ٢٦ و بەپێی هەندێکی دیکە ٢٩ کەس بوون کە لە قوتوور، ماکۆ، چێهریق و خۆیەوە بە ئیسکۆرتی چەکدارەکانی بزووتنەوەی سمکۆ براونەتە قوتابخانە و بە یونیفۆرمی یەك شێوە و بە پیتی لاتین خوێندنی کوردییان دەست پێکردووە. بەڕێز قادری، دامەزرانی قوتابخانە بە یەکێك لە کارە کولتوورییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی سمکۆ لەو سەردەمەدا دەزانێ و دەڵێ: "بێگومان دامەزراندنی قوتابخانە بڕیارێکی کتوپڕ و بە ڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو سمکۆ بڕوایەکی قووڵی بە کاری فەرهەنگی هەبوو، چونکە چەند ساڵ پێشتر بە هاوکاریی عەبدولڕەزاق بەدرخان کۆمەڵەی جیهاندانی کوردی لە شاری خۆی دامەزراندبوو و جگە لە دامەزراندنی قوتابخانە، ئەو کۆمەڵەیە لە بواری تەندرووستی و تەنانەت پیشەسازیشدا هەوڵی داوە و بەگشتی بزووتنەوەیەکی کولتووری و سیاسی لە ئارادا بووە." سەرهەڵدانی شەڕی یەکەمی جیهانی ساڵێك پاش دامەزرانی قوتابخانەکە بوو بە مۆتەکەی بزووتنەوە کولتوورییەکەی سمکۆ، چونکە وەك بەڕێز محەممەد ساڵح قادری دەڵێ "ئەو ڕێبەرە کوردە بەرنامەی دامەزرانی چەند قوتابخانەی دیکەی لە چێهریق، سۆماوبرادۆست و مەهاباد و شارەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە." ١٠٠ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە مێژووییەدا تێپەڕی، ١٠٠ ساڵێك کە مێژووی قوتابخانەی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و دەکرێ بەگشتی بڵێین بەرەوپێش چووە، بەرەوپێشچوونێك کە پشکی بزووتنەوەی نەتەوەیی سمکۆ تێیدا زۆر بەرچاوە و وەك بەڕێز قادری دەڵێ "پێویستە ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژی قوتابخانەی کوردی" لە سەرانسەری کوردستان ڕێزی لێ بگیرێ.

پێویستە ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژی قوتابخانەی کوردی" لە سەرانسەری کوردستان ڕێزی لێ بگیرێ

# ١٣ی خەزەڵوەر و دوو روانگەی جیاواز

حەسەنساڵحزادە

**قوتابخانەی شیاوی سەردەم ئەو شوێنەیە کە بە بێ جیاوازیی رەگەزی، ئایینی، چینایەتی و پێشینە و پلە و پایەی سەرپەرەستانی قوتابی، باوەش بۆ منداڵانی کۆمەڵگا دەکاتەوە و بۆ هەموان دەرفەتی بەرابەر دەرەخسێنێ**




لە زۆربەی نزیك بە تەواوی وڵاتان، منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ١٨ ساڵ، ریژەی قوتابیانی ئەو وڵاتە پێکدێنن. ئەم رێژەیەش بە گوێرەی کات و قۆناخی ژیان دەتوانێ بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵ لەخۆ بگرێ. بە چاوپۆشین لە رێژەی ئەو کەسانەی کە بە درێژایی تەمەنیان بواری خوێندنیان بۆ نەرەخساوە، دەکرێ بوترێ کە تێکرای ئەندامانی کۆمەڵگای ئەمرۆ، بەشێك بوون لە قوتابیانی دوێنێ و هەروەها منداڵانی تەمەن ژێر ٥ ساڵیش بە زوویی بەم قۆناخەدا تێدەپەڕن. هەر بۆیە توێژی قوتابی تەنها چینێکی تایبەتی کۆمەڵ ناگرێتەوە و تەواوی کۆمەڵگا پێناسە دەکا. ئاوڕدانەوە و بەهادان بە پرسەکانی پێوەندیدار بە قوتابی، بەهادان بەو پێوەرە ئەخلاقیە پەسەندکراوانەیە کە دەبنە رێخۆشکەر بۆ دەستڕاگەیشتن بە پرسی خوێندن و گەشەی هەمە لایەنەی کۆمەڵگایان لێدەکەوێتەوە.

ئەوبیرۆکەیەی کە پێی وابوو پێداویستییەکانی قوتابی لە قوتابخانە، مامۆستا و کتێبە دەرسییەکان کورت دەکرێنەوە، ناتەواوە و دەبێ قوتابیان لە سیستمێکی سەردەمیانەدا خۆیان ببیننەوە. سیستمی خوێندنی سەردەم بریتییە لە جۆرە پلانێکی خوێندکاری کە لە بەرانبەر ویست و پۆتانسیەلەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمەدا کە تەندراوە بە ئامێرە ئێلێکترۆنیە سەرسام هێنەرەکان وەڵامدەر بێ. لە مۆدێلی نوێی خوێندکاریدا پڕوپاگەندەی هێژموونی ناوەندەکانی دەسەڵاتی پاوانخواز و تێشاندنی ئیدئۆلۆژیی بەرتەسکی سیاسی جێگەی نابێتەوە. هۆگرانی ئەم بیرۆکە بەسەرچووە کە تەنها بیر لە لەکارخستنی چەرخەکانی ماشینی تێکنۆلۆژی دەکەنەوە، قوتابخانەیان کردۆتە ئامانجی سەقامگیرکردنی مەکتەبی تایبەت بەخۆیان، بێخەم لەوەی کە لە رەوتی مێژوودا تەنها رسواییان لە پاش بە جێ دەمێنێ.

لە قوتابخانەی سەردەمی ئەمڕۆدا، زانستە مرۆییەکان هاوتەریب لەگەڵ زانستە ئەزموونی، بنەمایی و راهێنانی هزری و فیزیکی دەچنە نێو بەرنامەی دەرسی و لە کۆمەڵگای پێوەندیداردا قوتابیان رادێنن کە بە چ شێوەیەك لەگەڵ هاوشێوەکانیان هەڵسوکەوتی سەردەمیانە و شیاو بکەن.

سەروتارەکانی: ئازادی، بەرانبەری، برایەتی و یەکییەتی کاتێك دێنە بەرهەم کە بە وردبینییەوە بەها و گرینگی بە زانستە مرۆییەکان بدرێ. تاکی کۆمەڵ بە تێپەڕاندنی قۆناخەکانی خوێندکاری، ئەخلاقە شیاوەکان فێر دەبێ و وەخۆگرانە بۆ نێو کۆمەڵگای راستەقینەیان دەگوازێتەوە. قوتابخانەی شیاوی سەردەم ئەو شوێنەیە کە بە بێ جیاوازیی رەگەزی، ئایینی، چینایەتی و پێشینە و پلە و پایەی سەرپەرەستانی قوتابی، باوەش بۆ منداڵانی کۆمەڵگا دەکاتەوە و بۆ هەموان دەرفەتی بەرابەر دەرەخسێنێ، بۆ ئەوەی بتوانن لە مەیدانی کردەوەدا دروشمە سەرەکییەکانی ئازادی، بەرانبەری، برایەتی و یەکییەتی لە ناو کۆمەڵگای خۆیاندا جێگیر بکەن. قوتابخانەی ئەمڕۆ بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی تایبەت بە مەسەلەی فێرکاری، دەبێ وەك ئەرکێکی سەرەکی شوناسی راستەقینەی تاکەکانی قوتابی روون بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، قوتابیان دەبێ لە قوتابخانە وانەکانی مێژوو، جوگرافی، زمان و کەلەپووری تایبەت بە خۆیان و دەورووبەریان فێر ببن و دەرەتانیان بدرێتێ شوناسی راستەقینەی خۆیان بۆ هیتر تاووتوێ بکەن.

قوتابیانی هەر نەتەوەیەك ئەو کاتە دەتوانن خۆیان لە نێو قوتابخانەی دڵخوازی خۆیاندا ببیننەوە کە خاوەنی دەسەڵاتێکی دادپەروەرانە و دێموکراتیك بن. رەخساندنی زەمینەی پێویست بۆ بەهێزکردنی کلتوور و فەرهەنگ، بەتایبەت مەسەلەی زمانی دایکی، رێزلێنانی بنەمایەکی سەرەکی مافەکانی مرۆڤە کە دەبێ دەوڵەتان بێ منەت و بێ فێڵ و تەڵەکە لە بەرچاوی بگرن و لە قوتابخانەدا وەگەڕی بخەن. زەرورەتی کۆمەڵایەتی و رامیاری وڵاتانی دێموکراتیك لە رەنگاورەنگیی فرە ئەتنیکی و فرە زمانییەوە دەردەکەوێ و جێگە و پێگەی ئەم بەها گرینگە وەك راستییەکی ئاشکرا دیاری دەکرێ. جیهانی ئەمڕۆی ژیانی ئێمە دنیایەکە کە بەرەو پێکەوە سازانێکی ئاشتیخوازانە سەبارەت بە باوەڕ و ئەندێشە جیاوازەکان دەچێ و پشوودرێژیی پێویستی دەوێ، ئەمەش پیشاندەری ئاستی گەشە و باڵغبوونی هزری و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە. ئەو دەسەڵاتانەی کە بە هەڵبژاردنی رێبازی کۆنەپەرەستانە و ناسەردەمیانە، هەوڵی لەباربردنی پرۆسەی تەواوکاری کۆمەڵگای بەشەری دەدەن، دەبێ باش بزانن لە رەوتی مێژوودا رسوا دەبن و شوێنەواریان بە رەشی دەمێنێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر بارودۆخی قوتابخانەکانی ئێران سەبارەت بە ویست و داخوازی گەلانی ئەم وڵاتە بدەینە بەر سەرنج، دەبینرێ کە دەزگای پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نە تەنها گوێبیستی داوای رەوا و ئینسانیی کۆمەڵگاکەی نەبووە و گەشەی سەردەمیانەی بە قوتابخانەکان نەداوە بەڵکوو بە پێچەوانە، بەردەوام سیاسەتی مراندنی حەز و خولیای منداڵانی رەچاو کردووە و لە ژێر کەرەسەی ریاکارانەی بە ئیسلامی کردن، چارەنووسی ئەوانی کردۆتە قوربانی مانەوەی حاکمییەت و ساتە شیرینەکانی تەمەنی زێڕینیانی فەوتاندووە. زۆربەی بەرپرسانی سەرەکیی ناوچە بێبەشکراوەکان و یەك لەوان ناوچەکانی کوردستان لە کەسانی ناپسپۆڕی بواری پەروەردە پێکهاتوون و لە جیاتیی پلەی زانستی پایە و دەرەجەی نیزامییان هەیە. هەر بۆیە لەوێ دەزگای پەوەردە بە جێگای خزمەتکردن بە کلتوور و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان، مەخابن لە ژێر دەسیسەی جۆراوجۆر و رەوشتی دژە مرۆییانەدا هەوڵ دەدا شوناسی راستەقینەی دانیشتوانەکەی لە رێگەی قوتابیانەوە بگۆڕێ و کەلەپووری ئەو نەتەوەیە بتاوێنێتەوە.

ئەزموونی چەند ساڵەی نیزامی ئیسلامیی زاڵ بە سەر وڵاتەکەمان نیشانی داوە کە زۆربەی بەرنامە و پلانەکانی قوتابخانە و سەرچاوەی کتێبە دەرسییەکان لەگەڵ زات و سروشتی قوتابیان نامۆن و ئەم بابەت و ناوەرۆکانە ناتوانن بۆ درێژەدان بە خوێندن دڵخۆشیان بکەن و هاندەرێکی گۆنجاو بن. سیاسەتی ئەمنیەتی و مێتۆدی سەدە ناوەڕاستی بە سەر کەشوهەوای قوتابخانەکاندا زاڵە و ئامانجدار کردنی پەروەردە و راهێنان تەنها بە مەبەستی خزمەت بە بەهێزکردنی ئیدئۆلۆژی بەرتەسك و وشکی دەسەڵاتی داسەپاو، قوتابخانەی بێ نەشە کردووە و قوتابیانی لە گەیشتن بە ئامانجە سەردەمییەکان دوور خستۆتەوە.

هەر وەك وەك دەزانین، ١٣ی خەزەڵوەر لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەك رۆژی قوتابی دیاری کراوە. ئەم ناودێرکردنە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران بە دژی رێژیمی پەهلەوی کە لە ١٣ی رەزبەری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە بەر زانکۆی تاران رووی داو لە ئاکامدا ژمارەیەك قوتابی و خوێندکاری وەك قوربانیی لێکەوەتەوە. ئەم جۆرە راپەڕینە کە بە مەبەستی دەستەبەربوونی ئازادی و تێپەڕبوون بەرەو قۆناغێکی نوێی باشتر هاتە ئاراوە، لە جێگەی خۆیدا جێگەی سەرنج و تێڕامانە. لە بەرانبەردا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەست کردن بە رۆڵی ئەم جۆرە سەرهەڵدانانە هەڵوێستی تایبەت بە خۆیان دەگرن و بە شێواندنی ئامانجە راستییەکان، لە لایەك رۆڵی خۆیان زەق دەکەنەوە و لە لایەکی دیکەشەوە وەکوو کەرەسەیەك بە دژی مافی رەوای کۆمەڵگا و قوتابیان بە کاریان دەهێنن.




١٣ی خەزەڵوەری هەموو ساڵێك، دەسەڵاتی نارەوا و فریوکاری هەنووکەیی ئێران لە ژێر گوشار و بە هێنانە ئارای پلانی رەنگاورەنگی دزێو، قوتابیان بەرەو شەقامەکان کێش دەکا و بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیر و ئەندێشەی منداڵان و تازە لاوان، بە دروشمگەلێکی ناڕوون بە دژ ئیستێکباری جیهانییاندا دەکا و داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران دەکاتە هێمای بێ مانای بەرخۆدانی قوتابیان. لەم رۆژەدا ئەو تاقمە لە مامۆستایان و قوتابیانە کە دەکرێنە دەستەچیلەی ئاکار و کردەوەی بێ مانا و بێ کەڵکی دەزگای جەهل و ستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە ناچاریدا دەکەونە بەر گەمەی هەمەلایەنە، لە سەر شەقام و لە بەر چاوی کۆمەڵگا هەست بە شەرمەزاری دەکەن و زۆربەیان لە یەکەم دەرفەتدا خۆیان لەم یارییە دەدزنەوە تا لەوە زیاتر لە بەرانبەر جەماوەر و کەسوکاریاندا هەست بە داماوی نەکەن و چیتر نەبن بە داردەستی دەزگای سەرکوتکەر.

ئەگەر رووی راستەقینەی کارەساتی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧ نیشان بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم رۆژە بایەخ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەکرێ وەك بۆنەیەکی پیرۆز یادی بکەین. یادکردنەوەی ١٣ی خەزەڵوەر بەرزنرخاندنی دەنگی ئەو قوتابی و خوێندکارانەیە کە بە دژی خەفەقان و نابەرابەری رادەپەڕین و بە لە بەرۆکدانی دروشمی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازی رووبەڕووی سیاسەتی دزێوی دیکتاتۆرەکان بوونەوە.

لێرەدا ئەرکی ئەنجومەن و ناوەندە سەربەخۆکانی بزووتنەوەی خوێندکاری و پێوەندیدار بە مەسەلەی مافی منداڵانەوەیە کە بە گوێرەی ئیمکان و دەرەتان رووی راستەقینەی ئەم جۆرە رووداوانە بخەنە بەر چاوی نەوەی نوێ. هەروەها بەرپرسانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەبێ ئەم راستییە باش بزانن کە بە هێنانە ئارای سێناریۆی لەم چەشنە ناتوانن پاساو بۆ جینایەتەکانیان بهێننەوە. ئەگەر راپەڕینی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧ بە دژی نابەرابەری و ستەمی پەهلەوی هاتە ئاراوە، ئەمڕۆ دەبینین کە نابەرابەری و ستەمی دەزگای خوێنمژی ئاخوندەکان رێکۆردی جیهانیی شکاندووە و دەستکاری کردنی راستییەکان و چەواشەکاری چیتر ناتوانێ بە هانایانەوە بێ.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 616 . 6 Nov 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


زایەڵە

موعتەسەم نوورانی

## ٣٣هەمین ساڵوەگەڕی کوشتاری خەڵکی ئیندرقاش

ڕۆژی ١٣ی گەلاڕێزانی ١٣٥٩، وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژێکی تاڵ و سامناکە لە مێژووی گەلی کورددا. دروست ساڵێك بە سەر دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران دەگوزەرا و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی خەبات دژی زۆرداریی و ستەمکاریی و ڕۆژی قوتابی ناودێر کرد و بانگەشەی بۆ دادپەروەری و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەکرد.

کەچی هەر لەو ڕۆژەدا، ژ-٣ لە شان و بیور و قەمە بەدەست و کۆمیتەچییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەسەرپەرستیی مەلاحەسەنی و سەرتیپ زەهیرنژاد و مەعبوودی و قەتاری کە پێشتر ساواکی و کاربەدەستی ڕێژیمی پاشایەتی بوون، ئەو جارە بە ناوی پاسدارانی شۆڕش و کۆمیتەچی بە پشتیوانیی تانك و تۆپ و چەند ماشێنی دۆشکە لەسەر، بە مەبەستی چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان، هێرشیان کردە سەر گوندی ئیندرقاش لە ناوچەی شارویران لە ٥ کیلۆمەتری شاری مەهاباد. دەوری ئەو گووندەیان گرت و بە بیانووی پاکسازی ڕژانە ناو ئاوایی و داوایان لە خەڵك کرد کە چەکەکانییان تەحویل بدەنەوە لە کاتێکدا چەند ڕۆژ پێشتر چەکیان لە خەڵکی گوندەکە وەرگرتبووەوە. بەڵام خەڵکی بێ تاوان و بێ دیفاع کە هیچیان لە خۆدا شك نەدەبرد لەپڕ کەوتنە بەر پەلاماری بەسیجی و کومیتەچییەکان. پاسدار و تاڵانچی و ژ-٣ بەدەستەکانی ڕێژیم بە شێوەیەکی دڕندانە بە ماڵان وەربوون و لە ناو ماڵان و لە بەر دەرگای مزگەوت، خەڵکیان خستە بەر پەلاماری دڕندانەی خۆیان و دەستیان کرد بە کوشتار و قەڵاچۆکردنی پیر و لاو و ژن و منداڵ. لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە ٣٥ کەسیان لە خەڵکی بێ تاوان قەتڵ و عام کرد، پاشان دەستیان کرد بە تاڵان و ڕاوەڕووت و سووتاندنی ماڵان.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە یەکەمین ساڵوەگەڕی داگیر کردنی باڵوێزخانەی ئەمریکادا، بە بیانووی خەبات دژی ئیستکباری جیهانی لە کوردستان بە هێرشی دڕندانە بۆ سەر ئاوایی ئیندرقاش و کوشتاری بێ بەزەییانەی خەڵکی ئەو گوندە، ژینۆسایدێکی دیکەی خوڵقاند. ویستی کە خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکا و لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتییان واز بینن. بەڵام ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی کوردستان لەوە قایمترە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ بە کوشتار و کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی و ئیلمیناسیون لاوازی بکا.

پیرۆز بێ یادی شەهیدانی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٩ی گوندی ئیندرقاش

# ڤیتامین A دژی شێرپەنجەیە




لێکۆڵینەوەیەکی تەندروستیی نوێ ئاشکرای کردووە خواردنی یەك دەنك حەبی ڤیتامین Aی بە شێوەی ڕۆژانە یارمەتیدەری مرۆڤە بۆ بەرگریکردن لە تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست بەتایبەت لای ئافرەتان.

لێکۆڵینەوەکە کە میریام ئۆسگار توێژەری ئەمەریکایی ئەنجامی داوە، دەریخستووە کە خواردنی حەبێکی ڤیتامین Aی بە شێوەی ڕۆژانە مرۆڤەکان لە شێرپەنجەی پێست دەپارێزێت.

ئاشکرا بوو کە مادەی رینتینۆل کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی ڤیتامین "A"یە، مرۆڤ لەم نەخۆشییە دەپارێزێت و کاریگەریەکەی لە تیشکی خۆریش زیاترە بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە حەمامی خۆر دەگرن.

لێکۆڵینەوەکە لەسەر ٦٩ هەزار و ٦٣٥ پیاو و ژن ئەنجامدراوە کە تەمەنیان لە نێوان ٥٠ بۆ ٧٥ ساڵاندایە و ڕۆژانە ڤیتامین "A"یان لە ڕێگەی خواردن یان حەبەوە وەرگرتووە و روون بووەتەوە بەکارهێنانی ریتینۆل بە شێوەی ڕێکوپێك مەترسیی شێرپەنجەی پێست بە ڕێژەی ٦٠ تا ٧٠ لەسەد کەم دەکاتەوە.

بەڵام ئەو ئەنجامە نابێ ببێتە هاندەر بۆ خواردنی زۆری ئەو ڤیتامینە، چونکە زۆر خواردنی ئەو ڤیتامینە بە بێ ڕێنمایی دوکتور لەوانەیە بکوژ بێت.

# پیاوان لە ڕێکلامەکانی دژ بە قەڵەوی بێزارن




ناوەندەکانی تەندروستیی ئەمەریکا دەڵێن ٣٠ لەسەدی پیاوانی سەروو تەمەن ٢٠ ساڵ تووشی قەڵەوی بوون و بۆ ئافرەتانیش هەمان ڕێژە ڕاستە.

ئەمەش وای کردووە کە کۆمپانیا گەروەکان هەستن بە درووستکردنی خۆراکی تایبەتی بۆ پێشگرتن لە قەڵەوی و بۆ بەروپێشچوونی فرۆشی بەرهەمەکانیشیان ڕوویان کردووەتە ڕێکلام کردن لە میدیا و ڕاگەیەنە جیاوازەکاندا و بە تایبەتی جەختیان کردووەتەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە کێشەی زۆریی کێشان هەیە. بەڵام تەنیا ١٥ لە سەدی ئەو کەسانەی کە قەڵەون سەیری ئەم ڕێکلامانە دەکەن.

بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە تووشی قەڵەوی بوون کارەکانیان بە هۆکاری بەرزبوونەوەی کێش و لە هەمان کاتدا بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و ڕێژەی کۆلۆسترۆڵی خوێنیان دەزانن. کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی خۆراکە تایبەتییەکانی کەم کردنەوەی کێش بە زانینی ئەم هۆکارانە لە هەوڵی ئەوەدان مرۆڤەکان لە ئەنجامی مەترسیداری هەندێ لە کار و پیشەکان ئاگادار بکەنەوە.

هەرچەند ئاگادار کردنەوەی قەڵەوەکان لە کێشەکانی قەڵەویی پێویستی بە میلیۆنان دۆلار و ڕێکلامی تایبەتییە کە دەبێ لەم بوارەدا ساز بکرێت. بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە مرۆڤ و بە تایبەت پیاوان بێزارن لەو ڕێکلامانەی کە لەسەر کێشە جۆرواجۆرەکانی تەندروستی مرۆڤ بڵاو دەکرێتەوە و ئەمەش وای کردووە کە فرۆشی بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیانەی کە لە بواری دابەزاندنی قەڵەوییدا کار دەکەن، دابەزێ و ئەو بەرهەمانەی کە لە بازاڕدا هەن بە هۆی ئەویکە لای پیاوان نەناسراون فرۆشی بە پێی چاوەڕوانییەکان نەبێت. چون پیاوان زۆر هەست بە بێزاری دەکەن کاتێ لە ڕاگەیەنەکان ڕێکلامێك لەسەر کێشەیەکی تەندروستی خۆیان دەبینن.

# لە وڵاتی چین ١٨٥ ملیۆن کەس پیرن




ژمارەی دانیشتووە پیرەکانی چین ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی ٦٠ ساڵەوەیە، گەیشتە ١٨٥ ملیۆن کەس و بەوەش ڕێژەی ئەو پیرانە لە چاو ژمارەی هەموو دانیشتووانی چیندا دەکاتە ١٣,٧٪.

ئاژانسی دەنگوباسی چینی نوێ، ڕایگەیاند: بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ژمارەی بەتەمەنەکان لە چین کە تەمەنیان لەسەرووی ٦٠ ساڵە گەیشتە ١٨٥ ملیۆن کەس و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ژمارەکە بە ڕێژەی ٤ لەسەد لە چاو ساڵی ٢٠١٠ زیادی کردووە کە ئەو کات ژمارەیان ١٧٧ ملیۆن کەس بووە.

هەر بەم پێیە پێشبینی دەکرێت ژمارەی بەساڵاچووەکانی وڵاتی چین لە چەند ساڵی داهاتوودا ٦٣ ملیۆن کەسی دیکە زیاد بکات و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠دا بگاتە ٢٢١ ملیۆن کەس و لە ساڵی ٢٠٥٠دا بگاتە ٤٣٧ملیۆن کەس.